*هەڵبژاردن وگەمژەیی سیستەمی ....................................لاپەڕە 3
*بەمزگەوت کردنی قوتابخانەکان و ..................................لاپەرە 3
* تارمایی مارکس لەهەڵبژاردنی...................................لاپەڕە 4
* سەکۆی ئازاد.....................................................لاپەرە 4
*لاسایی کردنەوە و چاولێکردن.....................................لاپەڕە 5
* وەهمی دروستکردنی پاڵەوان .....................................لاپەرە 7



# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

ژمارە (4) 15/5/2017 بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


# کاراکردنەوەی پەرلەمان چارەسەر نییە، چارەسەر کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد!

## وتەی ژمارە

ماوەیەکە دەنگۆی کاراکردنەوەی پەرلەمان گەرمتر بۆتەوە. گەرم بوونەوەی دۆسیەی کاراکردنەوەی پەرلەمان بەجۆرەی کە پارتی دەیەوێت و خوازیاریەتی، لەگەڵ هێنانە گۆری پرسی سازدانی ریفراندۆمدا، جووتە. پرسی ریفراندۆم کە پارتی هێنایەتە گۆر، تەواوی حزب و لایەنە سیاسیەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردی سەرگەرم کردووە و هەموویانی خستۆتە بیری ئەوەی خۆیانی لەگەڵ جووت بکەن. لەو چوارچێوەیەدایە یەکێتی نیشتیمانی هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەر و رۆڵی ناوبژیوانی دەگێرێت لەگەڵ حزبەکانی تردا تا پەرلەمان کارابکرێتەوەو بەو کاراکردنەوەەش پرسی ریفراندۆم لە ریگای پەرلەمانەوە بچێتە پێشەوە. دیارە یەکێتی بەو نەخشەی دەیگێرێت، دەیەوێت وەفاداری بۆ پارتی و ریفراندۆمەکەی نیشان بدات و لەو ریگایەشەوە دەستکەوتی شەراکەتی سیاسی و پۆست و داهات، لە پارتی مسۆگەر بکات.

دیارە کاراکردنەوەی پەرلەمانیش، لە دیدی یەکێتی و هەموو حزبەکانی تری بەشدار لەم پەرلەمانە بێ بەهرەو مردوەدا، تەنها ئەوەیە ئاڵوگۆر لەسەرۆکی پەرلەمان و یان سەرۆکایەتیەکەیدا پێک بێت و پەرلەمان کۆبونەوەکانی دەست پێبکاتەوە، نەک ئەوەی وەکو پەرلەمانەکانی دنیای بۆرژوازی کە پەرلەمان رۆڵی یاسادانان و چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت دەکات. ئەویش ئەو نەخشە بگێرێت. پەرلەمان لە کوردستان لەپاڵ حکومەتەکەیدا، بەو هۆیەوە لەهیچ رەوایەتیەکی یاسایی و حقوقی وڵاتی و دەوڵەتداری و بەهرەمەند نیین، تەنها دوو دەزگای فریوکارانەن بۆ رەوایەتی بەخشین بەدەسەڵاتی میلیشیایی حزبی و زۆری دەسەڵاتداریێتیان بەسەر خەڵکی کوردستان و فریودانی رای فەرمی و گشتی دنیای دەرەوە.

هەموو ئینسانیکی هۆشمەند و نابەرژەوەندی خواز، ئەو راستیە دەزانێت، کە پەرلەمان و حکومەت، لە بەرامبەر قەڵەمرەوی دەسەڵاتی حزبیدا، پوچن. ئەوە حزبە حکومەت و پەرلەمان وەکو دوکانێک دەکاتەوە یان دایدەخات. هەر بریارو یاسایەک لەم پەرلەمانە دەربچێت، هێز و توانای بڕکردنی نەک دەسەڵاتی حزبێکی خاوەن چەک و پارە، بەڵکو دەسەڵاتی سەرۆکی تایفەو عەشیرەت و لۆمپێنێکی فەرماندەیی سەربازی دەستڕۆشتووی حزبی نییە. درۆی پەرلەمان و حکومەت، بەکردەوە بۆ خەڵکی کوردستان و هەموو کەسێکی ئاگا وەکو مانگەشەو دیارە. پەرلەمان دەکرێ وەکو درۆیەک بۆ سازانی حزبەکان، وەکو ئامرازێک بۆ ململانێی حزبی، وەکو ئەلگۆیەک بۆ فریوکاریی، هەر کات پێویست بێت بەدەستەوە بگیرێت، لەژێر ناوی ئەوەی خەڵک دەنگی پێیداوە. واتە خودی دەنگی خەڵک لەجێگای ئەوەی بەهای دەنگی هەبێت، بەهای بێ بەهاکردنی دەنگی خەڵکی نیشان دەدات. ئەگەر خەڵکی کوردستان، لە ژێر بۆمبابارانێکی راگەیاندن و دەریایەک بەڵێن و وادەدا، لە ریگای پارەو بە بارمتەگرتنی لوقمەی زیندەگیاندا، ناچار بەوەکران دەنگ بدەن. ئەوا هەر خودی ئەم پەرلەمانە!! لەسەردەمی کارا بوونیشیدا نەیتوانییوە نەخشێکی ناچیزیش بگێرت و یاسایەک لە قازانجی خەڵک و لێپرسینەوەیەک و چاودێریەکی حکومەت! لەسەر یەک فایل و مەسەلەش بکات، ئێستاش بە کاراکردنەوەی چی دەگۆرێت؟. پەرلەمانێک نزیکەی ساڵ و نیوێکە بە زۆری دەسەڵاتی پارتی بۆ لاپەرە 2



## بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە لە سێ رۆژدا، سێ کرێکار گیان لەدەست دەدەن !

بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە لەماوەی سێ رۆژدا، ٣ کرێکار... گیانیان لەدەستداوە.

رۆژی ٦، ٧، ٨ ئەم مانگی ئایار سێ کرێکار بەناوەکانی" سەلام سەعید عەبدوڵا، حامید حسێن ئیبراهیم، زانا سدیق مەحمود" لە سێ شوێنی جیاوازو لە کاتی کاردا، بەهۆی نائەمنی شوێنی کارو لەبەردەستدا نەبوونی ئیمکاناتی پێویست... گیانیان لەدەستداوە... بەمەش ژمارەی قوربانیانی شوێنی کار رۆژ بەرۆژ هەڵدەکشێت و حکومەت!! و سەرمایەدارن و خاوەن کۆمپانیاکانیا چاوچنۆکەکانیش کە بالاًی سەرمایەکانیان رۆژ بەرۆژ لەسەر هێزی کاری کرێکاران، بەرزتر دەبێت... بەهۆی چاوچنۆکی و دەستراگەیشتن بە قازانجی زیاتر نەک لە لەمژینی شیلەی گیانی کرێکاران، تیر نابن، بەڵک و ئامادەنین ژینگە و شوێنی کار و... پێداویستی سەلامەتی کارکردن، بۆ کرێکاران فەراهەم بکەن... ئەمەش بۆ لاپەرە ٢



## قرناقاو پشت ئاشان، کارەساتێکی لەبیر نەکراو!

راپورتێک لەو بارەیەوە لەلاپەرە ٨ دا بخوێنەوە

## داوای دەست لەکارکێشانەوەی وەزیرێکی حزبی گۆران دەکرێت!

١٠ ئایاری ئەم مانگە، ژمارەیەک پەنابەری دەستبەسەرکراو لە گرتوخانەکانی بەریتانیاوە، نامەیەکی کراوەیان ئاراستەی سکرتاریەتی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراق کردووە، کە وێنەیەکی بۆ ئیمە نێردراوە. لەو نامەیدا ئەو پەنابەران داوا دەکەن "وەزیری کۆچ و کۆچ بەرانی عێراقی یان ئیدانەی رێکەوتنی حکومەتی عێراق و بەریتانیان بکات، یان دەست لەکاربکێشێتەوە، کە رێگا دەدات بە ناردنەوەی زۆری پەنابەران بۆ عێراق" هەروەها لەبەشێکی نامە کراوەکەدا هاتووە" ... ئێوە خۆتان وەزیری ئەو حکومەتەن کە خەریکە بازرگانی و سەدا بە ژیانی ئێمەوە دەکات سەرباری ئەمەش بەرێزتان لەسەر لیستی ( گۆرانن)کەباستان لە بەرژوەندی نیشتیمانی وپاراستنی هاوڵاتیانی خۆتان دەکرد بەلام بەداخەوە ئێستا ئێوە بێدەنگیتان هەڵبژاردوە..." هەروەها بە وەزیری کۆچ کۆچبەران دەڵێن "ئێمە ژمارەیەکی زۆر پەنابەرانی کوردی عێراقیین کە ماوەی زیاتر لە



دوومانگە لە گرتوخانەکانی بەریتانیا زیندانی کراوین و بەپێ رێکەوتننامەی نیوان حکومەتی عێراقی و بەریتانیا بۆ لاپەرە ٢

## شەڕی موسڵ بەرەو کۆتایی! ناکۆکی قەومی و مەزهەبی بەرەو قوڵبونەوە!

نووسینی رێبوار ئەحمەد لەلاپەرە ٦ دا بخوێنەوە

## گۆشەی لەگەڵ NRT

لەنووسینی: عەبدوڵا مەحمود

لەلاپەرە ٧ دا، بخوێننەوە

## بنەما و هۆکارەکانی توندوتیژی بە دژی ژنان

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی لە لاپەرە ٥ دا بخوێنەوە

## دریژەی... وتەی ژمارە

داخراوە. هیچ ئاڵوگۆڕێکیش لەگەڵ سەردەمی کارابوون و دەرگا کراوەبوونیدا، بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستاندا نەهاتووە، ئەوەی تێکچووە، پەیوەندی نێوان حزبەکان ئاڵۆزتر بووە. کارکردنەوەی پەرلەمانیش ڕۆڵی نوشتە بۆ چاککردنەوەی ئاڵۆزی یان کەم کردنەوەی ئاڵۆزی نێوان حزبەکان، دەگێڕێت، نەک هیچی تر. دیارە هۆکاری سەرەکی بۆ هێنانەئارای دوبارەی کاراکردنەوەی پەرلەمان، ڕۆشنە کە پەیوەندی بە هێنانەوە گۆڕی دوبارەی پرسی ریفراندۆمەوە هەیە لەلایەن پارتیەوە. پارتی کە قەڵەمرەوی سیاسی بەپلەی یەکەم لەدەستی خۆیدایە لە کوردستان، دەیان دۆسیەو فایل و کارتی سیاسی و دیبلۆماسی بەدەستەوەیە تا هەرکاتێک پێویستی کرد، شەقامی سیاسی بجوڵێنی و حزبە سیاسیەکانی کوردستان لە خەڵەوەتی بێ پرۆژەیی و بێ نەخشەیی بێدار بکاتەوە. وە لەو ڕێگایەوە سەرنجی خەڵکی لەسەر قەیرانەکانی کۆمەڵگاو لەگەڵیشیدا، ململانێی حزبی لەسەر دۆسیەیەک و کیشەیەک بگوازێتەوە بۆسەر دۆسیەو پرسێکی تر. دیارە پرسی ریفراندۆمیش دۆسیەیەکە بۆ پارتی تا جەنگی پێشگیرانەی خۆی لەبەرامبەر بەغدادا پێ تاوبدات، بەر لەوەی کۆتایی بە دۆسیەی سەربازی داعش بێت لە عێراقدا، بەڵام ئەمە هەموو سیناریۆکە نییە. سیناریۆی تر ئەوەیە کە پارتی بە وروژاندنی پرسی ریفراندۆم دەیەوێ هەموو حزبەکانی بۆرژازی کورد لە ژێر چەتری پرسی ریفراندۆمدا کۆبکاتەوە و ناچاریان بکات، تا دەست لە پرس و مەسەلەکانی تر هەڵبگرن و مل بدەن بەو پرۆژەیە، بە وێنەی پرۆژەیەکێ نەتەوەیی! کە ڕەهەندی نیشتیمانی!! هەیە و هەموو ئەو حزبانەش کە شانازی بە پرسە نیشتیمانیەکان!! دەکەن، دیارە ناچارن خۆیانی لەگەڵ جوت بکەن. لەو نیوەدا حزبەکانی نەیاری پارتی دەیانەوێت بە هێنانەگۆری پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمان، بچنە ناو پرۆسەیەک لە ململانێی نوێی سیاسی تا لەو ڕێگایەوە هاوبەشی سیاسی خۆیان لە کوردستاندا لەگەڵ پارتی بە هاوسەنگیەکی کەمێک باشترەوە مەیسەر بکەن. پارتی کە رای گەیاندووە پرسی ریفراندۆم پێویستی بە پەرلەمان نییە، حزبەکانی تری کوردستان بە تایبەتی یەکێتی نیشتیمانی دەیەوێت باسی کاراکرانەوەی پەرلەمان بکاتە سەکۆیەک و نەخشەرێگایەک بۆ هێورکردنەوەی نێوانی گۆران و پارتی و لەپای ئەو هەوڵەشی چاوەڕوانی لەپارتییە بەشە خەڵات وەربگرێت. دیارە هەوڵی یەکێتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان بەهەمان دید و ویستی پارتییە، کە سەرۆکی پەرلەمانی ئێستا بگۆڕێت و کەسێکی تر جێگای بگرێتەوە، دیارە ئەمەش بە سود و هەژموونی پارتی تەواو دەبێت.
ئاشکرایە ململانێی نێوان حزبەکان لەسەر پەرلەمان و کاراکردنەوەی بۆ دوبارە چاوخشاندنەوەیە بە هاوبەشی سیاسی و بەشداری لە حکومەت و پەرلەمان و داهاتدا. ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی بە خەڵکی کوردستان و کێشە زۆرو زەبەندەکانیانەوە نییە. وە ئەم پەرلەمانە لە بنەڕەتدا ئیفلیج و بێ بەهایە، بە کارایی و بە ناکارایی ناتوانێت و نەیتوانیوە نەخشێکی زۆر کەمیش لەهیچ زەمینەیەکی یاسایی و حقوقی بگێرێت و هیچ یاسایەک بە قازانجی خەڵکی بخاتە واری جێبەجێکردن و هیچ لێپرسینەوەیەکی جدی و چاودێریەکی بەسەر بەناو حکومەتی هەریمدا هەبێت. کەواتە ئەگەر خودی پەرلەمانێکی مردوو ئامرازێک بێت بەدەست حزبەکانەوە بۆ شەرعیەت دان بەدەسەڵاتداریتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا و کاراکردنەوەی پەرلەمانیش کەیسێکی ململانێی نیوان حزبەکان بێت، ئەمە دەتوانێت دەوای کام دەردی کۆمەڵگای کوردستان بکات؟ لە کاتێکدا خودی ئەو دەوایە خۆی دەردێکی کوشندیە بۆ خەڵکی کوردستان.
کاراکردنەوەی پەرلەمان چارەسەر نییە، سەردەمی کارابوونی پەرلەمان کە زۆربەی لایەنەکان بە چالاک وێنایان دەکرد، نەیتوانیووە هێچ نەخشێک بگێرێت، ئیستاش بە کاراکردنەوەی ناتوانێت هیچ کام لە کێشەکانی خەڵکی کوردستان وەڵام پێبداتەوە. چارەسەر کۆتاییهێنانە بەو دەسەڵاتە بەپەرلەمانی کاراو ئیفلیجیەوە. بە حکومەتی هاوبەش و بنکە فراوان و سازانییەوە، وە بە سەرجەم ئەزمونی ٢٦ ساڵەی دەسەڵاتی کوردایەتیەوە، خەڵکی کوردستان و دەبێ بۆ راماڵینی ئەم دەسەڵاتە، ئامادەییەکانیان بەرنەسەر و ڕێکخراو بن، وە بە هێنانە مەیدانی ئێرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان ولە ڕێگای شۆرشەوە، کۆتایی بەو دەسەڵاتە کابوساویە بهێنن، کە کۆمەڵگای وێران و برسی کردووە...

## پاشماوەی... بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە

هۆکارێکی سەرەکی گیان لەدەستدانی کرێکارانە... هیچ دام دەزگایەکی حکومییش بۆ بەرگری لە کرێکاران ومافەکانیان بوونی نییە... ئەوەی کەهەیە چەند ڕێکخراو سەندیکایەکی کرێکاریی دەستکورتن... کە دەیانەوێت هاوکاری کرێکاران بکەن و دەسەڵات و سەرمایەداران و کۆمپانیاکان ناچار بکەن... کە شوێنی کاری کرێکاران باش بکەن و پێداویستی سەلامەتی کارکردنیان بۆ زامن بکەن... ئەم هەولانەش زۆر کەم و هاوکات زۆر کاریگەرن... ڕێگاچارەسەر ئەوەیە کە کرێکاران لە ڕێکخراوەی سەربەخۆیی خۆیاندا خۆیان ڕیکخراو بکەن و بەهێزی ڕێکخراوی خۆیان... دەسەڵات و کۆمپانیاکان ناچار بکەن... کە کۆتایی بەم کوشتارگەیە بهێنن کە ناوی شوێنی کارە و ڕۆژانە گیانی کرێکاران دەکێشێت... پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوانەش بەبێ دەستپێشخەری رابەرانی کرێکاری لە تواناادا نابێت... دەبێ ئەم دەستپێشخەرییە، دەست پێبکات و کرێکاران لە ڕێکخراوەی خۆیاندا، خۆیان ڕیکبخەن و بە هێزی یەکگرتوانەی خۆیان خواستەکانیان بۆسەلامەتی شوێنی کارو خواستەکانی تریان، بەدەست بهێنن.... شایانی باسە سەندیکای کرێکارانی بیناسازی لە سلیمانی لەوبارەیەوە بەیانیکیان دەرکردووە...

## پاشماوەی... داوای دەرکردنی وەزیرێکی

دەیانەوێت پێچەوانە بەخواستی خۆمان بەزۆرە ملی دیپۆرتی بەغدامان بکەنەوە"
ئەوەش دەڵێن "ئیمە ئەمانە لە کاتی زۆربەمان زیاتر لە 15ساڵە لە وڵاتی بەریتانیا ژیانمان دامەزراندووەو خێزان و منالمان هەیە، سەرباری بەزۆرناردنەوەمان ڕووبەرووی سوکایەتی وئازارو ئەشکەنجەدان دەبینەوە.."
شایانی باسە فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لەهەوڵی بەردەوامدایە لە ئاستی بەریتانیا و ئەوروپا وعێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ناردنەوەی ئەو پەنابەرانە و لە ئاکامی ئەم هەوڵەشدا تونراوە حەوت لەو پەنابەرانە لە زیندانەکانی بەریتانیا، ئازاد بکرێن.

## پاشماوەی.. وەهمی دروستکردنی پاڵەوان!

هاوڵاتیانی بێدەرامەت و برسیکراو قبوڵ بکەن. لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەمانگی (٩)دا ووردە ووردە گەرم دەبێتەوە و پرۆسەیەکی دیکە لە چەواشەکاری و دزینی دەنگەکان لە خەڵک دەست پێدەکاتەوە.
نەوشیروان مستەفا جارێکی دیکە دەیەوێ ئەو نەخشەی کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا گێڕای، ئێستاش بیبینێتەوە. دەورێک کە لەلایەکەوە بۆرژوازی کوردی لەبەردەم زەربەی نارەزایەتی خەڵک و ئەگەری رادیکاڵ بوونەوەی نارەزایەتیەکان پاراست و گەورەترین زیانی بە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری زەحمەتکێش و چەمکی شۆڕش گەیاند. وەهمێکیشی لەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە کە بڕوا بکەن لەرێگای چاکسازی دەسەڵاتی میلیشایی-عەشیرەتی ناسیۆنالیزمی کوردەوە بە خواستەکانیان لە ژیانێکی شکۆمەند و یەکسان و ئازاد دەگەن! بەڵام بەپێچەوانەوە بەشکستی پرۆژە سیاسیەکەی لەسەر بەردی واقعی سیاسی کوردستان و دەسەڵاتی میلیشیاییدا، تەوژمێکی نائومیدی بەسەر زەین و بیرکردنەوەی خەڵکدا زاڵ کرد.
نەوشیروان مستەفا کە ئامادە نەبوو زەحمەت بکێشێت و بۆ پرسەکەی هاوسەرەکەی بگەڕێتەوە کوردستان، ئێستا بۆئەوەی پرسەی دەسەلاتی میلیشایی بۆرژوازی کورد دوور بخاتەوە، لە سەروبەندی نزیک بونەوەی هەڵبژاردنی "پەرلەمان"دا بە پەلە خۆی دەگەینێتەوە کوردستان.
نەوشیروان مستەفا بۆئەوە هاتۆتەوە کە دوای شکستی پرۆژەکەی پێشووی، جارێکی دیکە پرۆژەیەکی دیکەی لەسەر حسابی خەڵک تاقی بکاتەوە. بۆئەوەیە کە خەڵکی نارازی و تورە لە دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کورد بەهاوکاری میدیای بەناو ئەهلی و نووسەرانی نارازی ریاکاری ناسیۆنالیست جارێکی دیکە چەواشە بکاتەوەو بەرەو سندوقەکانی دەنگدان پەلکێشیان بکاتەوە، بۆئەوەی هاوکاتی دەرکردنی بزوتنەوەکەی لەبەشی "انعاش"، بۆ ماوەیەکی دیکە دەسەلاتی نایەکسان و چەوسێنەرانەی بۆرژوازی کورد لە تورەیی خەڵک بپارێزێ!

١٤/٥/٢٠١٧

## بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

### کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆشیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن...**

**ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لە پەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵی بۆ پێشەوەیە...**

bopeshawa@gmail.com

## بۆپێشەوە

بخوێننەوە بەدەستی دۆستان و ئاشنایانتانی بگەیەنن!

## کاراکردنەوەی پەرلەمان چارەسەر نییە، چارەسەر کۆتاییهێنانە بەو دەسەڵاتە بەپەرلەمانی کاراو ئیفلیجیەوە، بە حکومەتی هاوبەش و بنکە فراوان و سازانییەوە، وە بە سەرجەم ئەزمونی ٢٦ ساڵەی دەسەڵاتی کوردایەتیەوە

# هەڵبژاردن وگەمژەیی سیستەمی ئیسلامی ئێران!

نووسینی: عبدالرحمن رسول



گەمژەیی وکۆنەپەرستی ونەزانی کاربەدەستانی باڵای سیستەمی ئیسلامی لەلوتکەدایە، لەسەردەمی ئەمڕۆی گەشەی زانست وزانیاری وزانین وگەشەی ووشیاری مرۆڤایەتی لەبواری تێکۆشان بۆئازادی ودەست ڕاگەیشتن بەمافە ئیسانی یەکاندا. بەواتایەکی ڕوونترلەم سەردەمەدا ناتواندرێت بەئاشکرا فرێوکاری ودووڕوویی وچەواشەکاری گەشەی پێ بدەی وبتەوێت خەڵک وەک بەخشندەیی ومیهرەبانی ودڵسۆزیی بۆخەڵک بتناسێنێت وباوەڕت پێ بکەن.
ئەوەی لەناوبەرپرسانی باڵایی سیستەمی ئیسلامی ئێراندا ڕێک ئەوەیە کەبەدرێژایی زیاتر٣٧ساڵە ئیسلامییەکان لەدەسەڵاتدان جگە لە بەردەوام بوونی ڕێگرییەکان بۆسەرکوتی ئازادی ومافە سەرەتاییەکانی ژنان وکرێکاران وجوتیاران وزەحمەتکێشان وخوڵقاندنی ڕۆژانەی کۆمەڵکوژی لەسێدارەدانی کچان وکوڕانی لاو و ڕۆژنامەنووسان ورۆشنبیران وئازادیخوازان لەئێراندا هیچ سوودی تری نەبووە.
رژێمی ئیسلامی ئێران ئەگەر لە ئاستی ناوخۆدا، سیستەمی لەسێدارەدان و سەرکوتی ئازادیی و ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان و دژی هەموو سیمایەکی شارستانییە، دژی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستانەو پێشێل دەکرێت وسوکایەتیان پێ دەکرێت.
بەدرێژایی ٣٧ساڵ کرێکاران ورەنجدەران بێماف دەکرێن، ڕۆژانە بەهۆی دابین نەبوونی مافی سەلامەتی شوێنی کارو نەبوونی پێداویستی پیویستی کارکردن، بەچەندەها کرێکارو ڕەنجدەرانی لەئێران دەبنە قوربانی.
بەدرێژایی ٣٧ساڵە باس لەپاراستنی ئەمنیەت وئاسایشی خەڵک دەکەن، بەڵام مەلاکانیان کەدەچنە مزگەوت ومەرقەدەکانیان چاودێری پێڵاوەکانی خۆیان دەکەن لەشوێنی تایبەت دایان دەنێن، زۆرجاربردویانەتە بەردەمی خۆیان بۆ ژووری مزگەوتەکان لەکاتی ئەنجامدانی نوێژەکانیاندا!!کەمتمانەتان بەوەنییە کەپێڵاوەکەتان نەدزرێت ئەی چۆن خەڵکی ئێران متمانەتان پێ دەکات کەدەوڵەتداری دەکەن؟ سەرجەم داهاتی کۆمەڵگاتان لەبەردەستە؟ بۆیە ئەنجامدانی هەڵبژاردن تەنها بۆفرێودانە نەک بۆباشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کۆمەڵگەی ئێران.
لەپێشەکی ناودەستووری ئیسلامی ئێرانداهاتووە کەلەیاسایی بنەڕەتی خۆیدا واتە دەستووری وڵات ناوەڕۆکی دەسەڵات ئیسلامییە. وە سەرچاوەی ڕەوای ئەودەسەڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ئایینی ئاسمانی ودەسەڵاتەکەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەدەسەڵاتی بۆچارەسەرکردنی کێشەو قەیرانە کەڵەکەبووەکانی کۆمەڵگای ئێران و ماف وئازادییەکانی خەڵکی ئێران نییە.
شتێک کە زۆر ئاشکرایە ئەوەیە ئیسلامییەکان لەئێران هەرلەسەرەتاوە واتە ٣٧ساڵ لەمەوبەرەوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە دیاریدەی هەڵبژاردن لەئێران بسڕنەوە، بەڵام بارودۆخ وهەلومەرجە ناوخۆیی ودەرەوەیی ئەو مەجالەی پێنەدان، بۆیە هەروەک شانۆیەکی گاڵتەجاڕی ئەوهەڵبژاردنە سازدەکات.
ڕژێمێک بەدرێژایی ٣٧ساڵ هەڕەشە لەخاوەن دەنگ دەکات وفشاریان دەخاتە

**لەژێر سایەی جمهوری ئیسلامیدا، هەژارییەکی فراوان، گرانییەکی سەرسورهێنەر، بێکارییەکی بەرین، یەخەی بەزوربەی زۆری هاوڵاتیانی ئێران گرتووە. رادەی ئاڵودەبوون بە موادی مخەدەر سەرسام ئاوەرە... لاوانی ئێران لەژێر گەورەترین زەبری یاساو ریسای ئیسلامیدان، هەڵبژاردن لە دەوڵەتێکی ئاوادا گاڵتەجارییە...**

بریاری ئازادانەیانە، وە زۆربەی و شارو شارۆچکەکانی میلیاریزە کردووە، لە دەرەوەی ئێران و لەسەر ئاستی ناوچەکەو دنیاش، پشتیوانی ئاشکرای تیرۆر و تیرۆریزم و هاوکاری ڕەوتە تیرۆریستەکانی کرێگرتەیی خۆیەتی.
لە ژێر سایەی ئەم نیزامەدا، هەژارییەکی فراون، گرانیەکی سەرسورهێنەر، بێکارییەکی بەرین، یەخەی بە زوربەی زۆری هاوڵاتیانی ئێران گرتووە. رادەی ئاڵودەبوون بە موادی مخەدەر سەرسام ئاوەرە... لاوانی ئێران لەژێر گەورەترین زەبری یاساو ریسای ئیسلامیدان.
ئەو سیستەمە سەرکوتگەرە بەدرێژایی ٣٧ساڵە ژنان بەتوندترین شێوە دەچەوسێنێتەوە هەروەک سەردەمی کۆیلایەتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. بەزۆر حیجابی داسەپاندووە بەسەر ژناندا، کچانی تەمەن بچوک بەشێوەی سیغە هەرزان فرۆش دەکات بەشێوازی کاتی بەهەفتانە ڕۆژانەو مانگانە بۆ پیاوانی زۆر بەتەمەنتر بەپێی دەستووری ئیسلامی حەڵاڵیان دەکات و بانگەشەی ڕەواج پێدانیان دەکات. لەهەر شارێک چەند نووسینگە و دووکانێکی کردۆتەوە کە مەلایەکی شەرعی زان!! لەئاینی ئیسلام هاوسەرگیری کاتیان بۆئەنجام دەدات بەخوێندنی چەند ئایەتێکی قورئان و وەرگرتنی بڕێک پارە بۆمەلای دەڵاڵ کۆتایی دێت. دەستوری ئیسلامی کۆکردنەوەی دەسەڵات لەژێرناوی ویلایەتی فەقیٚ ڕۆژانە ژنان مافەکانیان خودا پێناسە دەکات، کەبەوەکالەت دراوە بەویلایەتی فەقیٚ. ئەمە زۆر ڕوونە کە گەڕانەوەی مافی ڕەوایی دەسەڵات بۆتەواوی خەڵکی کۆمەڵگایی ئێران پێشێل دەکات.
سازکردنی هەرهەڵبژاردنێک وبەشداریکردنی تێیدا جگە لەفریودان وگەمژەیی ونەزانین لەژێرسایەی سیستەمی ئاینی ئیسلامی داهیچی ترنییە، بەهۆیی ئەوەی لەدەستوورودەسەڵاتی ئایینی ئاسمانیدا، باسێک لەماف لەبەرامبەر پیرۆزی دەق وبڕیاری ئاینی ئاسمانیدا زۆربێمانایەو ئەرکی جێبەجێکردنی فەرمانە ئایینی وئاسمانییە بەمەش هەمووکەس لەهەرچەشنە مافێک بێ بەشدەکات.
کۆماری سێدارەی ئیسلامییەکان بۆماوەی ٣٧ساڵە ئەمە دوانزەهەمین هەڵبژادنی خولی سەرۆک کۆمارەو پێنجەمین خولی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارو گوندەکانە. کە جگە لەسەرقاڵکردنی خەڵکی ئێران وبەفیرۆدانی سامان وپولی زۆر بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکان هیچ سوودی تری نەبووەونابێت.
هەرجۆرەبەشداریکردنێک جگە لەخۆفرێودان بەمانای ڕازیبوون بەدرێژەدان بەکۆمەڵکوژی لەسێدارەدانی ژنان وپیاوانی کۆمەڵگایی ئێران دێت.
لەبەرنامەو بڕیارنامەو بەڵێنە درۆینەکانی پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی کۆماردا ئەوە دەرکەوت کە ئەوان هیچ پلان وپڕۆژەیەکی جیاوازیان سەرو دووریان دەخاتەوە وئازاریان دەدات وزیندانیان دەکات...هتد. بۆئەوەی ناچاریان بکات بەدەنگدان.
ڕژێمی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران هەرگیزبەبەشداریکردنی هەڵبژاردن ودەنگدان مل نادات بەگۆڕانکاری باشتر لەبواری گەشەی ئازادی ومافەکانی مرۆڤ و سەرجەم بوارەکانی تردا. بەڵکوبەشداربوون لەهەڵبژاردن کەڕۆژی هەینی ١٩ی ئایاری ٢٠١٧بەڕێوەدەچێت بۆخولی دوانزەهەمینی کۆمار وخولی پێنجەمین ئەنجومەنی شارو گوندەکان بەواتای ڕازیبوونە بەبەردەوام بوونی چەوسانەوە وکۆیلەیەتی وسەرکوت وزیندان ولەسێدارەدانەکانە.
ڕژێمێک کارنامەی ٣٧ ساڵەی سەرکوت و زیندان و لەسێدارەدانی نەیارانی بێت، ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەوپەری خراپیدا بێت، بەزۆر کۆمەڵگە حجاب پۆش کرابێت، ژنان لەو پەرێ بی مافیدابن، لاوان ئایینديان وردکرابێت، پشتیوانی ئاشکرای تیرۆر بکات، دەستوەردانە کاروباری هەر وڵاتێک کە بۆی بگونجێت...تاد، چۆن دەتوانێت باسی هەڵبژاردن و کایەی دیموکراسی بکات.
باشترین ڕێگا بۆخەڵک نەک بەشداری نەکردنە لەهەڵبژاردن ورەتکردنەوەی دەنگدانە. بەڵکو قوڵی خەباتکارانە لێ هەڵماڵینە بۆ وەریخستنی شۆڕش و و کۆتاییهێنانە بە سیستەمی چەوسێنەرو زاڵمانەی ئیسلامی لەئیراندا.

**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو ٢٧/٥/٢٠١٧**

# بەمزگەوتکردنی قوتابخانە سەرەتاییەکان و ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر نوێژکردنی بە جەماعی چ پەیامێک دەگەیێنێت!



نووسینی: تاهیر عیسا

ماوەیەکە لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا وێنەی نوێژی بەکۆمەڵی منداڵانی تەمەن شەش بۆ حەوتساڵان و بەرەوژوورتریش، کە لەناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا گیراون، وەک دیاردەیەکی نامۆی سەرنجڕاکێش بڵاودەکرێنەوە. ئەمە ئەگەر لەڕووی ئایینی و کلتوورییەوە وەک دیاردەیەکی ئاسایی و وەک بەشێک لەپەروردەی ئایینیانە چاوی لێبکرێت و جێگای دەستخۆشانەی بەشێک لە خەڵکی موسوڵمان و ئایینی کوردستان بێت، ئەوا بۆ هەر ئینسانێکی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی هاوچەرخ کەتۆزقاڵێک لەگەڵ مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەو بەتایبەتی مافە جیهانداگرەکانی منداڵاندا، ئاشنایەتی هەبێت، ناتوانێت وەک دیاردەیەکی نامۆی دژ بە منداڵان و وەک هەوڵێک بۆ بەرگرتن بەگەشەو هەڵدانی فکرو ئەندێشەو خەیاڵی خۆڕسکانەی منداڵان چاوی لێنەکات ونەیبینێت، کە دەیانەوێت هەرلەئێستاوە مۆریی پڕ لەتوندو تیژتریین وتۆقێنەرترین ئایدیۆلۆجیای پڕ لەجاڕو جەنجاڵی ئیسلامی کە بۆ گەورەساڵانیش مایەی سەرئێشەو وناڕەحەتییە، دوور لەویست و حەزو ئیرادەی کەس و کارو خانەوادەکانیشیان، لەگەنجینەی داهاتووی کۆمەڵگایەک بدەن و بەم هەوڵەشیان، زەخیرەیەکی ماتڕیاڵی ئینسانی بۆ داهاتووی سیاسیی ڕێکخراوە تیرۆریستییە ئیسلامیەکان، کە لەناو دنیای ململانێ سیاسی و ئابووریەکانی ناوچەکەو جیهاندا، دەکرێت هێشتا بۆ چەندین ساڵی تر قابیلی مانەوەبن، فەراهەم بکەن!.
هاوکاتیش ئەم شێوازە لە ئیستیغلال کردنی مێشکی ناسکی منداڵان لە ڕێگای سەپاندنی سرووتی ئایینێکی دیاریکراودا، لەناو کۆمەڵگای فرە دەنگ وفرەڕەنگ و فرە ئایین وفرە بیروڕای جیاوازی دیکەی وەک کریستیانی و ئێزیدیی وکاکەیی و کۆمۆنیست وچەپ و ئاتەئیستیدا، ئەگەر لەلایەک بێڕێزیی بێت بەرامبەر بیروراو ئایینی جیاواز، ئەوا دیوەکەی تری ئەم کردەوەیە کاریگەریەکەی لەباریی فکریی ودەروونیەوە هیچی لەکاریگەریی ئەنفالی جەستەیی کەمتر نییە و ئەمەش ڕاستەو خۆ بەشێکە لە ئەنفال وجینۆسایدیی عەقڵیی و زەینی منداڵانێک کە هێشتا ڕەش وسپی وەک پێویست لەیەکتر جیاناکەنەوەو خۆشیان توانای بەرگریی و نیشاندانی هیچ جۆرە پەرچەکردارێکی ئەرێنی ونەرێنییان لەبڕیاردانیش نییە، بەشێکە لەتاوانێک کە لەبەرامبەر منداڵانی کوردستاندا دەکرێت. دیارە بەپلەی یەکەمیش حکومەت و دام و دەزگای پەروەردەیی کوردستان بەرپرسیارن لەبەرامبەر ئەم دیاردە دژە زانستی و دژە مرۆییەی کە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی قێزەونی ئاسایی.
خەڵکی کوردستان و دایکان و باوکان وکەس وکاریی منداڵانیش نابێت ڕێگا بدەن هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە، لاپەڕەی سپی و سۆڵ و ناسکی زەین وهۆشی مندالەکانیان لەجیاتی فێربوونی زانست وزانیاریی جۆراوجۆرو و وێژەو هونەریی جۆراوجۆر، بە ئایدیۆلۆجیایەک پڕ بکرێت کە ئەمڕۆ بۆتە وەسیلەی نواندنی دڕندایەتی و وەحشەت بەدەستی جورەها دەستەو تاقمی تیرۆریستانە لەناو چەکەو جیهاندا، ڕێگادان بەم دیاردەیە کردەوەیەکەو مانای بەردەوامیدان وخزمەتکردنە بەبیریی داعشیزم، نەک هەر بۆئێستا، بەڵکو بۆ ئاییندەیەکی زۆر دووریش لەکوردستاندا.



# سەکۆی ئازاد

**ئەم گۆشەیە تایبەتە بە گفتوگۆ لەگەڵ رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتی جەماوەری، سەبارەت بەمەسەلەکانی خەباتی کرێکاریی و جەماوەری و کۆسپ و رێگریەکان و خاڵە بەهێزو لاوازەکانیان، هەلومەرجی ژیان و خەباتیان، ...تاد. ئەوەی لەم گۆشەیەدا بڵاودەکرێتەوە راوبۆچوونی بەشداربووەکانە و مەرج نییە لەگەڵ خەت و سیاسەتی بڵاوکراوەکەدا بێتەوە... لەم ژمارەیەدا گفتوگۆیەکمان لەگەڵ نەوزاد بابان ئەنجامداوە، سەبارەت بەپیکهاتنی ناوەندی خەباتی کرێکاریی و جەماوەری لەکوردستان**


**بۆپێشەوە:** چەند رۆژێک لەمەوبەر ناوەندی رێکخراوەی کرێکاریی و جەماوەری پیکهات، پاڵنەری سەرەکی بۆ پیکهاتنی ئەم ناوەندە چی بوو؟ وە لایەکانی بەشدار لەو ناوەندەدا کامانەن؟!

**نەوزاد بابان:** ئامانج لە دروستکردنی ناوەندی خەباتی کریکاری و جەماوەری لە ئێستادا پیداویستیەکی ئانییە ئێمە سەیری باردوخی کوردستان بکەین وە بروانینە هەرتاکێکی ئەم کومەڵگەیە دەبینین لەبەرامبەر ئەم دەسەلاتە نارازییە، بەلام بە هۆی نەبوونی ئایندە و ئاسویەکی روون نارەزایەتییەکان لە شێوازی تاکدا خوی بەرجەستە کردوە. ئەوەشمان بیرنەچێ خەڵکی کوردستان لەمسی هەمووهێزوجەریانیکی کردووە لە کوردستان لەسەرەتای نەوەدەکاندا خەڵکی کوردستان ئومێدیێکی زۆریان بە شوراکان بەست و راستە هێزە ناوخوییەکان وهیزە دەرەکییەکان دژایەتی شوراکانیان دەکرد بەلام نابێ شانی خومان خاڵیکەینەوە، خوشمان بە شیک بووین بۆ پاشەکشەی ئەو بزوتنەوەیە کە نەمان توانی باش رابە رایە تی بکەین. وە لەگەل ئەوەشدا زیاتر٢٦ساڵ گیرودە بووە بە دەست هەردووحزبی دەسەلاتداری یەکیت و پارتییەوە. وە حکومەتی قیزەونی ئیسلامیەکانی بینی لەهەلەبجەو دە وربەری کەچی نەهامەتییەکیان بۆخەلکی ئەو ناوچەیە هێنا. لەم دوایانەدا بزوتنەوەی گوڕان پەیدابوو وەک فریادرەس خوی نیشاندا وسواری شەپولی نارەزایەتییەکانی خەڵک بوو، بەڵام نەک هیچی نەکرد، بەڵکو پاشەکشەی بە نارەزایەتییەکانی خەڵک کرد. هەرلەبەرئەم هۆیانە خەڵک توشی نائومیدی بووە، راستە لەئیستادا کارکردن بۆگەراندەوەی متمانە و رێکخستنی خەڵک زۆر سەختە، وە هیچ کارێکیش بە ئیرادەگەری ناکرێ، بەلام ئەوەشمان بیر نەچێ سەد ساڵی تریش هەردەبێ دەست بۆ ئەم هەنگاوە بەرین کە ئەویش ریکخستنی ناوەندە کریکاري و جەماوەرییەکانمانە، ئێمە لەئێستادا هەنگاومان بۆناوە. هەر لە کارەبا، لە کریکارانی بیناسازی لە ناو ماموستایانی زانکۆ و بانقەکان و...وە لە پەیوەندی تەواودایـن لەگەڵ ناوەندەکانی تردا.

**بۆپێشەوە:** ئایا رێکخراوەی و ناوەندی کرێکاریی و جەماوەری تر دەتوانن پەیوەست بن، بەو ناوەندەوە؟

**نەوزاد بابان:** ئێمە ئامانجمان کۆکردنەوەی تەواوی ناوەندەکانە، لە ژێر یەک چەتردا. وە لە ئێستادا خەریکی نووسینەوەی چەند خاڵیکین کە پەیوەندە بە تەواوی ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هە یە، بەڵی کاربۆئەوە دەکەین کە تەواوی ریکخراوە سەربەخۆ و نارازییەکان کۆبکەینەوە.

**بۆپێشەوە:** ئامانجەکانی ئەم ناوەندە چییە و چ نەخشەو ئەرکێکتان، بۆ داهاتوو خستۆتە سەرشانی خۆتان؟ تا چەندە لاتان وایە ئەم ناوەندە دەبێتە سەکۆیەک، بۆ ریکخراوکردنی کرێکاران و کارمەندان، لە ناوەندەکانی تری کارو بەرهەم هێنان؟



**نەوزاد بابان:** ئێمە لە ئێستاداهەنگاو دەنێین بۆئەوەی لە داهاتوودا ئەم ناوەندە ببێت بە سەکویەک بۆبەرگری لەخواستە کریکاری و جەماوەرییەکان، دیارە ئەمەش بەهەوڵ و ماندوبوونیکی زۆر دەتوانین بگەین بەو ئامانجە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی زیاتر دەکەوێتە سەرشانی ئەو هاورێیانەی کەهاتوونەتە مەیدان بۆ ئەم کارەو خۆش بەختانە لەماوەیەکی زۆر کورتی کارکردندا هەنگاوی باش نراوە.



# تارمایی مارکس لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەریتانیادا!



## نووسینی: ئاسۆ کەمال

تارماییەک هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا ڕاودەکا ئەویش تارمایی مارکسە. ئیکۆنۆمیست وەک زمانحاڵی بۆرژوازی لیبراڵ هاوار دەکا" باشترین ڕێگا بۆ خۆپاراستن لەوەی ببیت بە قوربانی داهاتوی مارکس ئەوەیە کە دەست پێ بکەیت بەوەی جدی وەریگری". ١*

ئەم ترسە لەپای چی؟

ئاشکرایە مەسەلەکە شۆڕشێک نییە بەڵکو هەڵبژاردنێکی پەرلەمانییە، بەڵام مافی هەڵبژاردن هەرچەند بەرتەسک و ڕوکەشیش بێت فرسەتی بەدەنگدەر داوە کە بیرێکی ڕادیکاڵتر لەوە بکاتەوە کە بەرامبەر بەم ئەزمەیەی سیستەمی سەرمایەداری ئێستا لە ئارادایە ،هەڵبژاردەی ئەو چییە؟

باڵی چەپی حزبی کرێکاران بە لیدەری جێرمی کۆربن و ڕاوێژکارەکەی جۆن ماکدۆناڵ، مانیفێستێکیان خستۆتەڕوو کە دەیەوێ ڕیفۆرمی ئابوری بە قازانجی کرێکاران و خوێندکاران و منالان و کرێچیەکان و دانانی باجی زیاتر لەسەر سەرمایەداران دابنێ. ئەم مانیفێستە شۆڕشگێڕانە نییە و ریفۆرمیستیە بەڵام ئەم داواکاریانە لە دەورانی ئەزمەی ئێستای مالی و بریکزیت (دەرچونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا) و بەرنامەی ڕاستڕەوی حزبی پارێزگاراندا دەنگ و چاوەڕوانیەکی شۆڕشگێڕانە لەهەناوی خۆیدا هەڵدەگرێ کە دەنگدانەوەی کۆمۆنیزمی مارکسە.

Social Market Foundation ڕادەی دەوڵەمەندبونی سەرمایەداران (SMF)بەپێی ئاماری لە بەریتانیادا ٪٦٤ هەڵکشاوە و ڕادەی هەژاری کرێکاران ٪٥٧زیادی کردوە. معاشی بەڕیوەبەری بانکەکان ٣٠٠ بەرامبەری معاشی فەرمانبەرێکە، لەکاتێکدا پیشتر ٢٠-٣٠ ئەوەندە بوو.*٢ هەروەها ٪١ی دەوڵەمەنترین سەرمایەدارەکان بەهێندەی ٥٥ ٪ دانیشتوانی هەژاری سامانی هەیە*٣. ئەم واقعیەتە کە مارکس وەک چڕبونەوەی سەرمایە لەلایەک و هەژاری لەلایەکی تر وەک یاسای ئابوری سەرمایەداری خستویەتیە ڕوو ئەمڕۆ لەم کۆمەڵگەیەدا بە گۆشت و خوێن سەلمێنراوە و "ئیکۆنۆمیست" یش ناچارە دروستی تیۆریەکەی مارکس پشت ڕاست بکاتەوە و بورژوازی لەئاکامی ڕاست و ڕەوابوونی بانگەشەکانی مارکس ئاگاداردەکاتەوە کە لەم کاتانەی ئەزمەدا ئەگەر ببنە مانیفیست و چاوەڕوانی کرێکاران تارماییەکەی کۆمۆنیزم خۆی نیشان دەدا. هەر ئەوەندە بەسە کە مەزاجی شۆڕشگێڕانە لەکاتی ئەزمەدا فرسەتی دەرکەوتن پەیدا بکا تا وەک ئاگری بن پوش یاساکانی کەڵەکەی سەرمایە و هەژارکردنی کریکاران ئاگربگرن.

نیولیبرالیزمی پارێزگاران هەمان بەرنامەی ئابوری ترامپ و باڵی ڕاستی بورژوازی هەیە کەدەیەوێ لەم ئەزمەیەدا باجەکانی سەر کرێکاران و هەژاران زیاتر بکا و بیمە و زەمانەتە کۆمەڵایەتیەکان لابەرێ و کرێی خانو زیاتر بکا و پەنابەران دەربکا و درێژە بە دەستێوەردانی سەربازی و پێشبڕکێی ئەتۆمی و قەرزدارترکردنی وڵاتە گەشەنەکردوەکان بدا و کۆنترۆڵی بازاڕی جیهانی و پیشێلکردنی پاراستنی ژینگە و هتد بدەن..

گرنگی باڵی چەپی حزبی کریکاران لەم کاتەدا ئەوەیە کە دەیەوێ دژ بەم شەپۆلەی نیولیبرالیزم و کۆنسەرڤاتیزم ڕاوەستێ و بەرگری لە مافی کرێکاران و سەندیکاکانیان و بەرزکردنەوەی لانی کەمی کرێ بۆ ١٠پاوەند لە سەعاتێکدا و دابینکردنی خانو و خۆڕاییکردنی خوێندن و بەکورتی باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی کرێکاران و توێژە کەم دەرامەتەکان دەکا و پەنابەران دەپارێزێ و ڕیگری دەکا لە دەستێوەردانە سەربازیەکان و خوازیاری پاراستنی ژینگەیە. ئەمە هەرچەند مانیفیست و شەڕیکی بەرگریکارانەیە نەک کۆتاییهێنان بە سیستەمی کۆیلایەتی کاری بەکرێی سەرمایەداری، بەڵام گرنگی لە دروستکردنی جەوێکی لەبارتر بۆ خەبات دژی سەرمایەداریە.

هەربۆیە بورژوازی بەریتانیا ،وەک گەنجێکی وشیاری بورژوازی لیبراڵ، چۆن سەد ساڵ لەمەوبەر هوشداری دا بە بورژوازی جیهانی کە تارمایی لینین ڕاوی دنیای سەرمایەداری دەکا و پێویستە بە فیشەک وەڵامی بەلشەفیزم بدرێتەوە و شۆڕشی ئۆکتۆبەر نیشانی دا کە خەتەری سوور ڕاست بوو. ئیستاش ئیکۆنۆمیست ،ئەم پیرە بیرتیژەی بورژوازی نیولیبرال هوشداری دەداتەوە بورژوازی بەریتانیا تا جارێکی تر نەبێتەوە بە قوربانی مارکس و هەڕەشەی تارمایی مارکس بەجدی بگرێ.

سەرکەوتنی حزبی کرێکاران لەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی بەریتانیادا بەهەر ڕادەیەک بێت دەتوانێ ئەم بانگەشە کۆمۆنیستیەی مارکس بۆ شکاندنەوەی قەیرانی ئێستا بەسەر بەشی سەرمایەداران لەداهاتی کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکا و زەمینەی گۆڕانی مەزاجی شۆڕشگێڕانە دروست دەکا کە کرێکاران ئەمڕۆ بۆ وەڵامدانەوەی سەرمایەداری قەیرانگرتو پێویستیان بە کردنی ئەم ڕۆحیەتە بە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەیە .

"*١ http://www.economist.com/news/britain/21721916-shadow-chancellors-comment-provoked-scorn-yet-marx-becomes-more-relevant-day-labour

*٢ http://www.bbc.co.uk/news/business-32824770

*٣ https://www.theguardian.com/uk-news/2014/may/15/britains-richest-1-percent-own-same-as-bottom-55-population

پاشماوەی.. بەرنامەی دوجار بیربکەرەوە

نەیارانی سیاسی تیرۆربکرێن. وێنەی نییە کەسیک لەسەر فوڵ لایتێک خەڵتانی خوێن بکرێت. لەهەر شوێنێکی دنیا، یاسا نەبوو پەرلەمان درۆیەکی گەورەیە. لە هەر گۆشەیەکی ئەم سەرزەمینەدا، دەسەڵاتی میلیشیایی قەڵەمرەوی سیاسی بەدەستەوە بێت، هەزار پەرلەمانیشی هەبێت، تەنها فریوکارییە. لەهەر پارچە زەویەکی دنیادا، تیرۆر وکوشتن و دزی بە ئاشکرا بەرێوەبرا، نیشانەی ئەوەیە شتێک نییە بەناوێ حکومەتەوە. بۆیە باسی کاراکردنەوەی پەرلەمان، کەم و زۆر پەیوەندی بەهیچ تاکێکی سەربەخۆی خەڵکی کوردستانەوە نییە، پەیوەندی بەهیچ گرفت و کێشەیەکی جەماوەری خەڵکی کوردستانەوە نییە. وە نە پەرلەمان و نە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و نەکێشەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی، پەیوەندیان بە کێشە زۆرو زەوەندەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەر ئەوەندەیە کە دڵەراوکێ و ترس دەکەنە سەرباری گرفتەکانیان. باسی کاراکردنەوەی پەرلەمان و گەمەی ریفراندۆم، بەشێکن لە ململانیی حزبی بەناوی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە، بۆ روپۆشکردنی دەسەڵاتێکی تاڵانچی و ئۆپۆزیسیۆنێکی بودەڵەی هاوشیوەو کۆنەپەرستی ئیسلامی ئەردۆغانی. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و بەرەی ئینسان دۆست و پێشکەوتنخواز، پێویستە خۆیان بۆ کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە میلیشیایی و تاڵانچییە بە حکومەت و پەرلەمانی کاراو ناکاراو ئیفلیجیانەوە، ئامادەبکەن. چیتر ئەم زوڵم و زۆرداری و بێمافی و سەرکوت و نۆکەرایەتیە قابیلی بەرگەگرتن نییە. ئەم دەسەڵاتە بە کردەوەکانی خۆی حوکمی مەرگی خۆی هەموو رۆژێک رادەگەیەنێتەوە. ئەم حوکمی مەرگ و بە زبڵدانی مێژوو سپاردنە، ئەرکی شۆرشێ هۆشیارانەی بێبەشان و خەڵکی ئازادیخوازی تامەزرۆی ژیان و ئازادیی و شکۆیی ئینسانییە.

**ناوەراستی ئایاری ٢٠١٧**

چی بۆ ژن ?

# بنەما و هۆکارەکانی توندوتیژی بە دژی ژنان

نووسینی هەتاو عەبدوڵاهی



دیاردەی توندو تیژی بە دژی ژنان خەسارێکی بەرینی جیهانییەو هەر بەو هۆکارە بنبڕکردنی پێویستیی بە خەباتێکی جیهانییە. خەبات و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و ئەوەی کە مرۆڤەکان بە پێی ڕەگەز دەستەبەندی نەکرێن و هەر بەو بیانووە نەکەونە بەر ئازار و هەرەشەو توندوتیژی پێویستی بە نەزم و نۆرمێکی تازە هەیە و بێ گومان دەبێ هەموو توانایی خۆمانی بۆ بخەینە گەڕ. توندوتیژی بە دژی ژنان ساڵهای ساڵە وەک پڕئازارترین نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خۆی دەرخستووە و ئەم خەسارە لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و ئایینیەکان کە ئیسلام و یاسا ئیسلامییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو و چارەنووسساز لە سیستمی ئیداریو حکوومەتییەکەیدا دەگێڕنو شوێندانەری نەرێنیان لەم پەیوەندیە دا هەیە، بە شێوەی بەردەوام بۆ سەر ژنان ڕەوا دەکرێو بەڕێوە دەچێ. لەناو ئەم کۆمەڵگەیانەدا ئەم پرسە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەو لە ژیانی تاکەکەسی ژناندا وا



توندوتیژیو ئازارانەیە کە لەسەر بنەمای ڕەگەز بەڕێوەدەچێو ئەوە سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و ستەمە کۆمەڵایەتیو چینایەتیانەیە کە لە ناو کۆمەڵگادا لە

لەسەرتاسەری جیهان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی خۆیانو مناڵەکانیان لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەو گیروگرفت دەستەو یەخەن، ناچارن بەو حەقدەستە کەمەی وەریدەگرن، مل بە سەعاتی کاری تاقەت پڕوکێن لەدەرەوەی ماڵ بدەنو ئەگەر شانسی ئەوەیان هەبێ کارێکی باش لەناو کۆمەڵگە بە دەستبێنن، لەشوێنی کارەکەشیان بەردەوام بەهۆی بەهۆی ژن بوونیانەوە لەلایەن ساحیبکاران و هاوکارەکانیان سوکایەتیان پێدەکرێ. وا پێدەچێ بەردەوامی ئەم توندوتیژیانە، بۆ ژنان وەک پرسێکی ڕواڵەتی لێهاتبێ، ئێمە شایەتی ئەوەین کە قوربانیانی کردەوەی توندوتیژی باوەر بەخۆبوونیان لەدەست دەدەنو لە هەڵوێست گرتنو بەرگریکردن لە خۆیان تووشی دوو دڵی و دڵەراوکێ دەبن، ئەوان پێیانوایە جیهان هەر بەو شێوە بووەو دەبێ هەروا بمێنێتەوەو کە ئەوە ئامانجی سەرەکی ساحیبانی سەرمایەیە. بەڵام ئەوە چارەنووسی ژنان نییە، بەڵکوو ئێمە دەتوانین لەبەرامبەر ئەو خەسارەدا ڕابوەستین. ژنان دەتوانن بە

## توندوتیژیو سووکایەتیکردنو بە کەم گرتنی ژنان هەر ڕۆژە سیمای دزێوو بێ بەزەیی خۆی زیاتر نیشان دەداتو میوانی شەو و ڕۆژی ساتەکانی ژنانە

پنجی داکووتاوە کە وەک خەسارێکو دیاردەیەکی لێهاتووەو بۆتە پرسێکی ڕواڵەتی بۆ هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگە. لەناو ئەم کۆمەڵگەیانەدا توندوتیژیو سووکایەتیکردنو بە کەم گرتنی ژنان هەر ڕۆژە سیمای دزێوو بێ بەزەیی خۆی زیاتر نیشان دەداتو میوانی شەو ڕۆژی ساتەکانی ژنانە. لێرەدا گۆشەیەکی بچووک لەو ئامارانەی کە (ڕێکخراوی مافی مرۆڤ) لەو ڕێگایەوە سیمای دزێوی ئەم دیاردەیە وەک واقعیەتێکی تاڵو هەژێنەری ناو کۆمەڵگاکان لەدنیای هەنووکەییدا نیشان دەدات، دەخەینە ڕوو، بە پێی ئەم ئامارانە ۹ ملیۆن ژنی لەشفرۆش و قوربانیی فەحشا لە وڵاتی هیند بوونیان هەیە کە بەشێکی زۆریان لە وڵاتانی بنگلادشو نیپاڵ یان ڕفێندراون یا خود کڕینو فرۆشیان پێکراوە. لە وڵاتی روسیە لە هەر ٤٥ خولەکێکدا ژنێک دەکەوێتە بە دیاردەی توندوتیژیو گیانی لێدەستێندرێو دەکوژرێ. لەهەر دوو خولەکدا ژنێک لە ئامریکا دەکەوێتە بەر کردەوەی قیزەونی دەستدرێژی سێکسیو توندوتیژی جنسی بەرامبەر ئەنجام دەدرێ. دووهەمین هۆکاری مردنی ژنان لە وڵاتی فنلەند، توندوتیژیەکە کە لەلایەن هاوسەر یان دەسگیرانەکەیان بە دژیان ئەنجام دەدرێ. لە باشووری ئافریقا ڕێژەی ئەو ژنانەی کە لەماڵەوە بە زەربی گوللە دەکوژرێن لەو ژنانەی کە لە دەرەوەی ماڵ و لە لایەن کەسانی نەناسراو دەکوژرێن زۆر زیاترە. دوای لێکۆڵینەوەکان لە ٥٠ وڵاتی جیهان دەرکەوتووە، لە سەدا ١٠ تا ٥٠ی ژنان بە جۆرێک لە لایەن هاوسەرەکانیان دەکەونە بەر کردەوەی توندوتیژیی جەستەییو نیزیک بە یەک لە سەر سێو نیوەی نمونەکانی توندو تیژی جەستەیی، توند وتیژی دەروونیشی بە دواوە بووە. لە هەر ١٨ خولەکدا لەجیهان ژنێک دەمرێ و ئەم ئامارانە بە شێوەی گشتی دەرخەری بارودۆخی نالەباری ژنانەو ئەمە تەنیا گۆشەیەکی بچووک لەو هەموو توندوتیژیانەیە کە بەرامبەر بە نیوەی حەشیمەتی جیهان ڕەوا دەکرێ. ئەم ئامارانە تەنیا بەشێکی زۆر بچووک لەو

بوارەکانی حەقدەست، کار، بارودۆخی کارو هتد... دەسەپێندرێ. لە ڕاستیداو بە واتایەکی دیکە توندوتیژی تەنیا لایەنی جەستەیی بۆ سەر ژنان لە خۆ ناگرێ، بەڵکوو توندوتیژیی ئابووری، توند وتیژی بنەماڵەییو توندوتیژی هزریو پەروەردەییوهتد...دەگرێتەوە. لەسەرتاسەری جیهان و لەرادەی جۆراوجۆردا ئەم دیاردە دژە مرۆڤایەتیە، چ بە شێوەی لێدان و سووکایەتی پێکردن، دەستدرێژی جنسی و باقی جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی خۆی دەردەخات و دواتر ئاسەوارە نیگەتیڤەکانی لەسەر ڕۆح و ڕەوانی ژنان خۆی دەنوێنێ. سیمای دزێوی توندوتیژی، لە ئازارو ئەشکەنجەی ژنان لە کاتی منالییەوە دەست پێدەکات و لەهەر زەمەنێکدا بە سەرەنجدان بە پێکهاتەو بارودۆخی ژنان لەناو کۆمەڵگە دەگۆردرێو پێناسەی چەشناو چەشن لەخۆ دەگرێو، سیستمی سەرمایەداریش لە برەوپێدانی ڕۆڵ دەگێڕێ. توندوتیژی تایبەت بەنیزامی چەوسێنەری سەرمایەداریو نابەرابەریەکە کە مانەوەی لەگرەوی هەڵسوکەوتی توندوتیژ بەدژی مرۆڤەکانە. ساحیبانی چەوسێنەر و داگیرکەری ئەم نیزامە گەندەڵو دژە مرۆڤایەتیە بۆمانەوەی خۆیان پێویستیان بەم دیاردەیە هەیە تاکو و دوو بەرەکی بخەنە ناو تاکەکانو لە دواکەوتووی کۆمەڵگەکانو لەم کردەوانە بە قازانجی خۆیان کەڵک وەربگرن. بە قازانجی نیزامی سەرمایەداریە تا لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەنگو نەتەوەو هتد... مرۆڤەکان دەستەبەندی بکەنو بۆ ئەوەی چینە ژێردەستەو هەژارەکان لە بەرامبەر ناعەدالەتیو زوڵم ستەمەکانی سەرمایەداران یەکگرتوو نەبن تۆوی دوو بەرەکیان لە نێواندا دەچێننو پەرە بەتوندو تیژی لەنێوياندا دەدەن. دەسەڵاتو ساحیبانی سەرمایە بۆ دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان، ژنانیان وەک کۆیلەی ئایین، مەزهەب، پیاوسالاریو سیستم لێکردووە وبە ئامانجەوە لەدژی هەر جۆرە بەرابەریو یەکسانیو خەبات بە دژی بێ مافی ژنان ڕادەوەستن. کرێکارانی ژن کە

ناسینی مافەکانی خۆیان، خەبات بەدژی ئەم توندوتیژیانە بکەنو بارودۆخەکە بگۆڕن. ئەم ئاگاییو وشیارییە دەتوانێ هەنگاوێک ژنان بەرەو پێشەوە بەرێو ناسینی هۆکارو بنەمای ستەمو توندوتیژی بە دژی ژنانو ئەوەی کە نیزامی سەرمایەداری لە برەوپێدانی ڕۆڵ دەگێڕێ، ئاسۆیەکی تازە بۆ بەشێک لە ژنان و ڕزگاریان بکاتەوە. لەکۆمەڵگەیەکدا کە فرەژنی یاساییە، ژنان بۆ چەند کاتژمێر بۆ دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی ڕەگەزی بەرامبەریان سیغە دەکرێن، یان ژنان زۆر بە سادەیی لەمافی دایکایەتیو سەرپەرشتی منالەکانیان بێبەشن، بە ئاسانی توندوتیژی بەدژی ژنان ڕەوا دەکرێ و وەک پرسێکی ڕواڵەتی سەیری دەکرێ. جۆرەکانی توندوتیژی بە دژی ژنان تەنیا لەو نمونانەدا بەرتەسک نابێتەوەو دەتوانین پرسی توندوتیژی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، ڕاهێنان، تەربیەتی و هەموو ئەم هەڵاواردنانە کە توندوتیژی بە دژی ژنان باز تولید دەکات، بێنینە بەرباس و لێکدانەوەو، بەو ئاکامە بگەین کە زەرورەتی بەردەوامی ئەم توندوتیژیانە تەنیا و تەنیا بە قازانجی حاکمانی سەرمایەیە. تا ئەو کاتەی کە نیزامی چینایەتی سەرمایەداری بوونی هەبێو لەسەر پێ بێ ، دژە ژنیو پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵگەدا هەر بەردەوامەو داکۆکیکارانی مالکییەتی خسوسیو نیزامی سەرمایەداری لە هەر ژێستو پۆزێکی دیمۆکراتیکدا ناتوانن بنەماکانی ئەم هەڵاواردنو بێمافیانە لەناوبەرن. هەر بەو هۆکارەیە کە لەسەدەی بیستو یەکەمداو تەنانەت لەوڵاتانی سەرمایەداریو بەناو پێشکەوتووش ژنان دەکەونە بەر ئازارو هەرەشەو هەموو جۆرەکانی توندوتیژی. ڕزگاریو بەرابەری ژنو پیاو و لابردنی هەر جۆرە توندوتیژیەک بەدژی ژنان کاتێک مسۆگەر دەبێ، کە لە ڕۆچنەی نەمانی مەودای چینایەتی لێبڕوانینو خەباتی بێوچانی بۆ ڕێک بخەین

# ( لاساییکردنەوە و چاولێکردن) فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ خوڵقاندنی ناخۆشی و مەینەتی و شکستە یەک لە دوا یەکەکان...!

نووسینی : کەریم کەریم



شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەموو کاتێک و ڕۆژێک لەژێر تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەخت و دژواردا ژیان و گوزەران بەسەر دەبەن. بەڵام زۆربەی زۆری مرۆڤەکان لە تاقیکردنەوەکانی خۆیاندا دەرناچن و سەرکەوتوو نابن و سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، بەڵکو روبەڕووی ناخۆشی و مەینەتی و شکست لە دوای شکست دەبنەوە ئەویش لەدەر ئەنجامی ئەوەی زۆربەی زۆری مرۆڤەکان هەر خەریکی (( لاسایی کردنەوە و چاولێکردن ))ن لەبەرامبەر یەکتریدا.

ئاشکرا و ڕوونە هەر تاکێک لە ئێمەي مرۆڤ خاوەنی هزر و بیر و چەندین ئایدیاي جیاوازین. سەرەڕای ئەوەش ئێمە بەشێوەیەکي ڕاست و دروست مامەڵە و هەڵس و کەوت ناکەین لەبەرامبەر مرۆڤە جیاوازییەکانی تر چونکە ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ هەر یەکێک لە ئێمە خاوەني چەندین تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی جیاوازین چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە خۆماندا.
بەڵام زۆرینەی سروشت مرۆڤ واهەڵکەوتووە تەنها تەماشای ڕووخسار و ڕووکەشی مرۆڤەکانی تر دەکەین نەک بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و عاقڵانە بیربکەینەوە و مامەڵە و هەڵس و کەوت بکەین لەگەڵ خودی خۆمان و دەوروبەرەکەمان. هەر بۆیە مرۆڤە لاسایی کردنەوەکان و چاولێکردنەکان بەردەوام لەناخۆشی و ئێش و ئازار و شکست لەدوای شکست دەژین. جا لێرەدا نموونەیەکی زۆر زیندوو و ڕۆژانە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی زیاتر ئەو بابەتە ڕوون و ئاشکرا بێت. بۆ نموونە: هەر یەکێک لە ئێمە ناوە، ناوە لە دەزگایەکانی ڕاگەیاندن لە ناوەوەی وڵات و دەرەوەی وڵات هەواڵ و گوێبیستی ئەوە دەبین ساڵانە بەهەزارەها مرۆڤ لە وڵاتە جیا جیاکانی خۆیاندا کۆچ دەکەن و بەرە و وڵاتانی تری جیهان هەنگاو دەنێن، بەتایبەتیش بۆ وڵاتانی ئەوروپا بەمەبەستي بەدەستهێنانی مافی پەنابەری و ژیانکردن لەم وڵاتانە کە تیایدا دەتوانن بژین و کاربکەن. زۆربەی زۆری مرۆڤە کۆچکردوەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست پێدەکات بەتایبەتیش لە وڵاتانی ( عێراق، سوریا، ئێران و ئەفغانستان...هتد) ئەویش بەحوکمی ئەوەي باری سیاسی و ئەمنی لەم وڵاتانە جێگیر نییە و بەردەوام شەڕ و ئاژاوەی تیایدا مەوجودە. هەندیک جار مرۆڤە کۆچبەرەکان لەڕێگادا روبەڕووی مەرگ دەبنەوە و دەبنە قوربانی ئاوی دەریایەکان و ژیان و چارەنووسی خۆیان لەدەست دەدەن و دەکەونە ژێر ئاوی دەریایەکان. تا لە ئەنجامدا لاشە و جەستەیان دەبنە خۆراکی ماسی و قرش و گیاندارە ئاوییەکاني تر و بە تراژیدیای مرۆیی کۆتای پێدێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر مەسەلەي ((لاساییکردنەوە و چاولێکردن)) فاکتەرێکی سەرەکی نەبێت، ئایا چ هۆکارێک لەپشت سەری ئەو کۆچکردنە هەیە کە بەلێشاو خەڵک کۆچ دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات و ژیانی تاراوگە و هەندەران هەڵدەبژێرن؟
راستە هەموو ئینسانێک مافی خۆیەتی شوێنی ژیان کردن و نیشتەجێکردنی خۆی هەڵبژێرێ، بەڵام ئەمە هەرگیز ناکاتە پاساوی ئەو کۆچکردنە بەلێشاوەی خەڵک، و ناشکری هەموو ئەو خەڵکە کێشەی سیاسی هەبێت یاخود لەژێر سەرکوت و کوشتن و تیرۆرکردن ڕایکرد بێت و وڵات بەجێ بهێڵیت...! بەجیا لەوەی گەران بەدوای ژیانی باشتر و شوێنی ئارامتردا ویستی ئینسانە، بەڵام ئاڵوگۆرهێنان بەسەر سیستەم و دەسەڵاتی سیاسی و دیکتاتوریش ویستی ئینسانە...دەکرێت ئینسان بە خەبات و تێکۆشانی خۆی، ئەو سیستەمە سیاسیانە رابماڵێت و ژیانی شایستەی لە شوێنی ژیان و کاری خۆیاندا بنیات بنێت. نەک راکردن لەدەست ئەم سیستەمانە نۆرمی لاسایی و چاولێکەری وەربگرێت. بەداخەوە لاسایی کردنەوەو چاولێکەریش راستیەکە، کەدەبێ هەوڵ بدرێت نەهێڵرێت، یان کەم بکرێتەوە.

# شەڕی موسڵ بەرەو کۆتایی!
# ناکۆکی قەومی و مەزهەبی بەرەو قوڵبونەوە!

## نووسینی: ڕێبوار ئەحمەد

شەڕی موسڵ بەرەو کۆتایی دەڕوات، بەڵام بەهەمان خێرایی ناکۆکیە قەومی و مەزهەبیەکان بەرەو قوڵبونەوە پاڵدەنرێن و سەرجەم حزبە قەومی و مەزهەبییەکان بە فراوانی کار لەسەر ئەم پرۆژە کۆنەپەرستانەیە دەکەن و کیسەیان گرتوەتەوە بۆ کۆکردنەوەی بەروبومەکەی. ئەمە ئاکامێکی مەنتقی و چاوەڕوانکراوی شەڕێک ئەبێت کە کوشتار و دەربەدەرکردنی خەڵکی موسڵ و ویرانکردنی ئەم شارەی کرد بە باجی هەڵپێچانی داعش و بردنەپێشی کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەی جەمسەرە جیهانی و ناوچەییەکان کە لەژێر پەردەی شەڕی دژی تیرۆردا بەڕێوەدەبرێت.

بانگەشەی بارزانی بۆ ریفراندۆم لە ناوەرۆکدا بەشێکە لەم پڕۆژەیە بۆ بەکارخستنی گوشاری سیاسی لەسەر حکومەتی بەغدا و پێشتر ئەمەمان باس کردوە. بەڵام مەسەلەکە لەوە فراوانترە، هەموو هێز و لایەنە قەومی مەزهەبیەکان خۆیان ئامادەکردوە بۆ سەرلەنوێ ماڵ دابەشکردنەوەی دوای دەرپەڕاندنی داعش. ئەم رۆژانە لە دوو قۆڵی ترەوە کارێکی چڕوپڕ بە هەمان ئاراستە دەستی پێکردووە. دوێنێ بەشێک لە ناسیۆنالیستە سونە عەرەبەکان حزبێکی تازەیان بە ناوی (للعراق متحدون) ڕاگەیاند، کە ڕاستەوخۆ بە بانگەشەیەکی تائیفیەوە هاتوەتە مەیدان و ئامانجی سەرەکی بریتیە لە دامەزراندنی هەرێمێکی سونی لە موسڵ. کۆنگرەکەشیان لە هەولێر لە باوەشی پارتی دیموکراتی کوردستان گرتووە و لە ڕۆژی یەکەمی ڕاگەیاندنیەوە دەستیان کردوە بە هەڵدان بە باڵای پارتی و بارزانیدا. هاوکات جەخت لەوە دەکەن کە پرۆژە و ئامانجەکانیان لەگەڵ پرۆژە و ئامانجەکانی کورد تەبایی هەیە، چونکە هەم دراوسێن و هەم دوارۆژ ئەوە تەنها هەرێمی کوردەکان نابێت کە داوای مافی خۆی دەکات لە حکومەتی ناوەندی. کۆنگرەیەک لە هەولێر گیرابێت و بۆ عەرەبی سونە بێت و بە باڵای پارتیدا هەڵبدات، هیچ گومانێکی تیا نییە کە لە جێگایەکەوە خۆی لەگەڵ بانگەشەکەی بارزانی بۆ ریفراندۆم گرێداوە و کارتێکی دیکەی فشارە لەسەر حکومەتی بەغدا. ئەمە ئەوە نیشاندەدات کە ئەم قەومپەرست و تائیفەچیانە لە هیچ خراپەکاریەک دەست ناپارێزن بۆ گەیشتن بە مەرامە کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانیەکانی خۆیان.

لەلایەکی ترەوە حزبە قەومیە تورکمانیەکان کەوتونەتە خۆ بۆ ورژاندنی هەستی قەومی تورکمانی و بەرجەستەکردنی ئەوەی کە داوای مافی تورکمان دەکەن لە کوردستان بە وێنەی "نەتەوەی دووەم"! مافەکەشیان بە وتەی حسن توران- جێگری سەرۆکی بەرەی تورکمانی بریتیە لەوەی کە بە گوێرەی پێگەی نەتەوەکەیان وەکو "نەتەوەی دووەم" پۆست و پلە و پایەی لە بابەت جێگری سەرۆکایەتیەکانی هەرێم بەو جەنابانە بدرێت کە مەسەلەی تورکمانیان کردووە بە بزنسێکی سیاسی. لەم بارەیەوە هەموو ئامادەکاریەکیان کردووە بۆ ئەوەی لە چەند هەفتەی داهاتوودا کۆنگرەی یەکگرتووی لایەنە تورکمانیەکان لە بەغدا بگرن و بە وتەی توران لەو کۆنگرەیەدا "نەخشە ڕێگای تورکمان بۆ بارودۆخی دوای داعش پەسەند دەکەن و مەسەلەی تورکمان وەکو مەسەلە و گرفتێکی سیاسی لە عێراقدا دەهێننە گۆڕێ"، لەسەر بناغەی ئەوەی کە تورکمان ستەمی لێ دەکرێت بە تایبەتی لەلایەن حزبە کوردیەکان لە کەرکوک و لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمەشیان ئاشکرا بۆنی ئەوەی لێ دێت کە حکومەتی بەغدا دەیەوێ وەکو کارتێکی فشار دژی حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان بە تایبەتی پارتی و بارزانی بەکاری بهێنێت. پەیامەکان ڕاشکاون تەنها کەمێک وردبونەوەی دەوێ تا ڕۆشن بێتەوە کە بارزانی دەیەوێ کارتی ناسیۆنالیستە عەرەبە سونیەکان لە پاڵ بانگەشەی ریفراندۆمەوە بەکاربهێنێت بۆ سەپاندنی خواستەکانی بەسەر حکومەتی بەغدادا، لە بەرامبەریشدا حکومەتی بەغدا وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئەگەر بارزانی بە کارتی سونەکان یاری بکات ئەوانیش بە کارتی تورکمان یاریەکەی لەگەڵ درێژە دەدەن. لەم پێناوەدا هیچ باکیان لەوە نییە کە ئەم سیاستە کۆنەپەرستانەیە چ دۆزەخێک بۆ خەڵک بەرپا دەکات.

ئەم جەنابە قەومچی و تائیفەچیانە کە ڕۆژانە سوێند بە "برایەتی پێکهاتەکانی عێراق" دەخۆن، لە پشتی هەر سوێندخواردنێکیانەوە پلانێکی حەقیرانە خۆی مەڵاسداوە بۆ بەگژیەکدا کردنی هاوڵاتیان لەسەر بناغەی ناسنامەی پوچ و داتاشراوی قەومی و مەزهەبی. چ شتێک لەوە ڕۆشنترە کە ئەگەر دەستی ئەم حزبە بۆرژوازیە قەومی و دینیانە لەسەر ژیان و چارەنوسی خەڵک و کۆمەڵگا نەمێنێت، هاوڵاتیانی عێراق نەک هیچ کێشە و دوژمنایەتیەکیان لەگەڵ یەکتری نییە، بەڵکو گیانی هاوچارەنوسی و هاوخەباتی و پێکەوە ژیان جێگای ئەو ناکۆکی و قلشت و دوبەرەکیانە دەگرێتەوە کە لە بنەڕەتەوە ئەحزاب و دەسەڵات و دەوڵەتە بورژوازیە قەومی و ئیسلامیەکان لە ناو خەڵکدا خوڵقاندویانە. ئامانجیشیان لەمە ئەوەیە هەر تاقمێکیان خۆیان بکەن بە نوێنەری قەوم و مەزهەبێک و لەسەر ئەم بناغەیەش لە داهات و دەسەڵاتی سیاسی بەش وەرگرن.

کێشەی شیعە و سونە و گۆڕانی بە کێشەیەکی سیاسی ئاکامێکی ڕاستەوخۆی جەنگ و داگیرکاری ئەمریکا و ئەو پرۆسە سیاسیە کۆنەپەرستانەیە بوو کە لە هەموو بوارێکدا کاولکاری و پاشەوپاش گەڕانەوەی بەسەر کۆمەڵگادا داسەپاند. هەوڵی ئەمڕۆ بۆ بە هەرێم کردنی پارێزگای موسڵ لەسەر بناغەی تائیفی و گرێدانەوەی بە بەغداوە لەچوارچێوەی فیدراڵیزمی قەومی مەزهەبیدا، هەروەها هەوڵدان بۆ دروستکردنی کێشەیەک بە ناوی مەسەلەی تورکمان، دوو هەنگاوی دیکەی کۆنەپەرستانەن بە ئاقاری دووبەرەکی سازکردن لە ناو هاوڵاتیان. ئەمانە پیلانی لە ڕادەبەدەر کۆنەپەرستانە و مەترسیدارن.

بەهەرێم کردنی موسڵ و قوتکردنەوەی دەسەڵاتێکی تائیفی سونی لەو پارێزگایە، دەبێتە مایەی ئەبەدیەت دان بە شەڕ و کێشەی تائیفی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا گیانی هەزاران هاوڵاتی هەڵوشیوە. ئەمە نەخشەڕێگای پاراستن و دورخستنەوەی خەڵکی موسڵ نییە لە ستەم و زۆرداری دەسەڵاتی شیعە مەزهەبەکان، بەڵکو نەخشەڕێگایەکی تازەیە بۆ کوشتاری کوێرانەی عەلی و عومەرو حسەن و بەکر و حسین و عوسمان ناوەکان. نەخشەڕێگایەکی کۆنەپەرستانەی ڕەوتە سونیەکانە وەکو بەشێک لە بورژوازی عێراق کە لە بەشی خۆی لە داهات و دەسەڵات ناڕازیە و دەیەوێ لە ڕێگای ئەم یاریکردنە بە ژیان و چارەنوسی خەڵکی ستەمدیدەوە بەشی خۆی بەدەست بهێنێت. ئەمە سەرەتای ڕێگایەکە کە کوردستان بە کۆتاییە تراژیدیەکەی گەیشتووە. چەندین ساڵە خەڵکی کوردستان لە ناو گێژاوی فیدرالیزمی قەومیدا لە سایەی مەملەکەتی بارزانی و تاڵەبانیدا گرفتاری سەد و یەک کێشە و بەڵان. سەرئەنجامیش خودی دامەزرێنەرانی ئەم فیدراڵیزمە ناتوانن حاشا لەوە بکەن کە فیدراڵیزمەکەیان دوچاری شکست و مایە پوچی بووە. بۆیە ئێستا لە هەوڵدان بە کارتی ریفراندۆم و هەڕەشەی جیابونەوە، دووبارە گیانی بەبەردا بکەنەوە. هێشتا هیچ ئاسۆیەکی ئەوە دیار نییە کە ئایا ئەم کارتە چەند کارایی دەبێت بۆ ئەو مەبەستە. هەربۆیە بارزانی دەست لە پشتی تائیفەچیەکانی سونەش دەدات و دەیەوێ لەو پێناوەدا کەڵک لەو پرۆژە کۆنەپەرستانەیەش وەرگرێت. لە ڕاستیدا قوتکردنەوەی هەر جۆرە کیان و دەسەڵات و هەرێم و دەوڵەتێک، لە هەر گۆشەیەکی ئەم کۆمەڵگەیەدا لەسەر بناغەی قەومی و مەزهەبی، ئاکامەکەی شتێک نابێت جگە لە قوڵکردنەوەی دوبەرەکی و خۆشکردنی ئاگری شەڕی کۆنەپەرستانە و بە بارمتەگرتنی ژیان و چارەنوسی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لەلایەن باندە قەومی و دینیەکانەوە. فیدراڵیزمی قەومی و تائیفی ڕەسمیەتدان و ئەبەدیەت دانە بە شەڕ و دوژمنکاری کۆنەپەرستانەی قەومی و تائیفی، کە تەنانەت نەخشەدارێژەر و خوڵقێنەرانی بەردەوام ریاکارانە سەرزەنشتی دەکەن.

هەلومەرجی دوای دەرپەڕاندنی داعش لە عێراق هەلومەرجێکی تازە دەبێت، کە چوارچێوە گشتیەکەی بریتی دەبێت لە قوناغێکی تازەی کێشمەکێشی هێزە قەومی و مەزهەبیەکان لە پێناو سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دەسەڵات و داهات بەپێی ئەو هاوسەنگیەی کە دۆخی تازە دەیهێنێتە ئاراوە. یەکێک لە مەیدانە

بۆ لاپەڕە ٩



**هەلومەرجی دوای دەرپەڕاندنی داعش لە عێراق هەلومەرجێکی تازە دەبێت، کە چوارچێوە گشتیەکەی بریتی دەبێت لە قوناغێکی تازەی کێشمەکێشی هێزە قەومی و مەزهەبیەکان لە پێناو سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دەسەڵات و داهات بەپێی ئەو هاوسەنگیەی کە دۆخی تازە دەیهێنێتە ئاراوە**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

NRT گۆشەی لەگەڵ

**بەرنامەی دووجار بیر بکەرەوە** به رنامەیەکی هەفتانەی کەناڵی ئێن ئارتی یە، کە هەرجارە بابەتێک هەڵدەبژێرێت و چەند کەسێک بانگهێشتی بەرنامەکە دەکەن... دیارە زۆر دەگمەن کەسانی چەپ و کۆمۆنیست، یان بێلایەن لەم بەرنامەیدا بەشداری دەکەن... بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئێمە لەهەر ژمارەیەکی بۆ پێشەوەدا، بەشداری یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی بەرنامەکە دەکەین... تا کۆمەڵگا بە بۆچوون و دیدی تر ئاشنا بکەین...

**لەم ژمارەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەدەینەوە، تەوەرەی بەرواری** ٨/٥/٢٠١٧

## ئایا بەگۆڕینی دەستەی سەرۆکایەتی، پەرلەمانی کوردستان کارا دەبێتەوە؟

لەنوسینی: عەبدوڵا مەحمود

دوبارە و باسی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆتەوە بە قسەوباسی حزبەکانی کوردستان و بەتایبەتیش یەکێتی نیشتیمانی بەحەماسەتێکی گەرمەوە دەستی کردووە بە سەردانی لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەو مەبەستە.لەکەس شاراوە نییە، مەسەلەی کاراکردنەوەی پەرلەمان لەساڵ و نیوی رابردوودا چەندین جار هێنراوەتەوە ئارا، هەر جارەش پاساوێک بۆ هێنانەوەی هێنراوەتەوە، پاساوی ئەم جارە پرسی ریفراندۆمە.

پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمان لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە نییە، کەگوایە ئەم دەزگا شەرعیە! دەبێ بەکارەکانی خۆ هەڵسێت و ببێتە شوێنێک بۆ یاسا دانان و لێپرسینەوە لە حکومەت و چاودێری کردنی، بەڵکو زۆرتر بۆتە بوکەڵەیەکی یاری بەدەست حزبەکانەوە و بۆئەوەی هەرجارەی بۆ پرسێکی سیاسی وەکو داشی دامە بجوڵێنرێت و ببێتە چەسپی لێکنزیکردنەوەی حزبە سیاسیە ناکۆکەکانی سەر گۆرەپانی سیاسی کوردستان، یان جێگایەک بۆ لێک دوورکەوتنەوە و سەرهەڵدانی ململانێی نوێ، بەتایبەتیش ئەو حزبانەی کە قەڵەمرەوی سیاسییان بەدەستە.

پاساوی ئەم جارە بۆ قاچ دانانەوە بۆ پەرلەمانێکی ئیفلیجی لەچارەنەهاتوو، مەسەلەی ریفراندۆمە کە پارتی وروژاندویەتی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش کردویەتی بە دەروازەیەک بۆ رۆڵ نیشاندانی خۆی سەبارەت بەوپرسە. بۆ یەکێتی نیشتیمانی کە خاوەنی هیچ نەخشەو ئەجندایەکی سیاسی نییە، هێزێکی روو لەداکشان و باڵ باڵ و بێ ڕابەرە. جەستەی لێکترازاو ناکۆکییە قوڵەکانی وەکو وەرەمێکی سەرەتانی رۆژ بەرۆژ پەرەدەستێنێ، دەیەوێت بەهەر نرخێک بووە رۆڵێک وازی بکات، کە پارتی رازی بکات وەکو هاوبەشێکی سیاسی لە گۆرەپانەکەدا بیهێڵێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش زوو یەکێتی پێشوازی لەهاش و هوشی دوبارە هێنانەوەی ریفراندۆمی پارتی کرد و تاکە مەرجێک کە لەوەناچیت زۆریش پێداگری لەسەر بکەن ئەوەیە کە دەیانەوێ گەمە ریفراندۆم بە فیلتەری پەرلەماندا گوزەر بکات. بۆ ئەو مەبەستە دەوری ناوبژیوانیان گرتۆتە ئەستۆ بەتایبەتیش لە نێوان پارتی و حزبی گۆڕاندا. هەرچی پارتییە نەیشاردۆتەوە کە پرسی ریفراندۆم پێویستی بە پەرلەمان نییە. یەکێتیش لای وایە باشترە لە رێگەی پەرلەمانەوە ئەم دۆسیەیە بچێتە پێشەوە. بۆ گۆرانیش کە لاریان لەسەر ریفراندۆم نییە، دەیانەوێت لە رێگای ئەم پرسەوە دەروازەیەک بکەنەوە بۆ دوبارە هێنانەوە ئارای کاراکردنەوەی پەرلەمان و مزایەدەکردنی سیاسی بە سەرۆکە دورخراو و دەرکراوەکەی پەرلەمانە ئیفلیجەکەی حزبەکانی دەسەڵات لەکوردستاندا.

دیارە چ پارتی و یەکێتی و چ گۆران و برا ئیسلامیەکانیان، دەزانن پەرلەمان بێ بەهاترین و پوچترین و بێ نەخشترین دەزگایە لە کوردستاندا و هیچ رۆڵێکی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و حقوقی خەڵکی کوردستاندا نییە و بە کردەوەش ئەمە سەلماوە. ساڵ و نیوێکە پەرلەمانێک کە خۆیان بانگەشەی شەرعی بوونیان دەکرد و ئێستاش سوێند وقەسەم بەسەری ئەو شەرعی بوونەی دەخۆن، لە لایەن حزبەوە دەرگاکەی داخرا، سەرۆکەکەی نەک بۆ پەرلەمان بۆ ئەوشارەش کە پەرلەمانی لێیە، یاساغە بۆ بچێت. وە هیچ ئاڵوگۆرێکیش چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ژیان وگوزەرانی هاوڵاتیان و چ لەسەر ئاستی یاسایی و حقوقی رووی نەداوەو هەر وەکو ئەوکاتەیە کە پەرلەمان کارا بوو، تەپڵ لێدان و بتڵ وەشاندن و حەماسی هەرەزەکارانە باسی سەرەکی ناو خەڵکی کوردستان بوون سەبارەت بەپەرلەمان. ئەمەش نیشانمان دەدات کە پەرلەمان لە دنیای واقعی سیاسی کوردستاندا، هەرگیز هیچ رۆڵێکی سەرەکی و یاسایی نەبووە کارا یان ئیفلیج بووبێت، لە دەزگایەکی فوتێکراوی بۆش و فریوادەرانە زیاتر هیچی تر نەبووە، فریودەرانە بۆ دنیای فەرمی دەرەوە نەک بۆ خەڵکی کوردستان، چونکە خەڵکی کوردستان بە کردەوە و بە ئەزموونی چەند دەورە بۆیان رۆشن بۆتەوە کە پەرلەمان درۆیەکی گەورەی حزبییە لە کوردستاندا. بەو راستیە سادانەو گرنگی کاراکردنەوەی پەرلەمان چییە؟ بە گێرانەوەی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان چ گرفتێک وەڵام وەردەگرێتەوە؟ یا بە گۆڕینی بەکەسێکی تر چی روودەدات؟ تەنانەت ئەگەر هەموو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاڵوگۆری بەسەردا بێت، دەوای چ دەردێک دەکات؟ پەرلەمان دەتوانێ چ نەخشێک لەژێر سایەی دەسەڵاتی حزبی و میلیشیاییدا بگێرێت؟ بەو راستیە سادانەوە، گرنگی کاراکردنەوەی پەرلەمان چییە؟ وەڵامی ئیجابی بە هەموو ئەو پرسیارانە ناتوانێت هیچ بگۆرێت جگە لەوەی دەتوانێت ئاوێکی شاش بکات، بە گڕکانێیکی گەورەی سیاسی و حزبی و میلیشیایی، کەلەسەر دەسەڵات لە کوردستاندا، لەرێگای نا رەواوە بەرێوەدەچێت. دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەهەموو شێوازەکانی ماهیەتی راستەقینەی خۆی نیشانی کۆمەڵگەی کوردستان داوە. لەو نێوەدا ئەزموونی پەرلەمان لەکوردستان، بەشێکە لە کۆی سیستەمێکی سیاسی شکست خواردوو، بەشێکە لە ئەزموونێکی گشتی مایەپوچ. بۆیە بەهیچ جۆرێک ناکرێت چاوەروانی ئەوە لەم حزب و هێزە سیاسیە بۆرژوازیانەی کورد بکرێت، ئەلگۆیەکی دەسەڵاتدارێتی تەندروست پیادە بکەن، بە پەرلەمان و بێ پەرلەمانەوە. وەتەنانەت هەر هەوڵێک بۆ سازدانی بەراستی پەرلەمانێکی بۆرژوایانەی ئاسایی کە لەدنیادا هەیە، یان هەر هەوڵێک بۆ دەست راگەیشتن بە شێوازی پەرلەمانی کارتۆنی ژێر سایەی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و رژێمە سەربازیی و مەزهەبیەکانیش لە کوردستاندا لەوەهم زیاتر شتێکی تر نییە. ئەم حزبە سیاسییە بۆرژوازیانەی کوردستان بەتایبەت حزبە دەسەڵاتدارەکان، بەکردەوە نیشانیان داوە، ناتوانن ئەلگۆی بەعسی گۆر بەگۆریش لە زەمینەی یاساو لایەنی حقوقیدا پەیرەو بکەن. دەسەڵاتی بۆرژاوزی کورد بە حزبەکانیانەوە بە نووسەر و شاعیر و لێکۆڵەر و ئەدیب و رۆشنبیرە ئیلیتەکانیانەوە، تا دەگاتە مێژوو نووس و مفکیر!! کاریزماکانیان، هێشتا زۆر لەوە لەدواترن، کاری دەوڵەتداری و سیاسی و کایەکانی دیموکراسی لە فۆرمە هەر دواکەوتوو فاشیستەکانیشیدا بکەن. لەهیچ شوینیکی دنیادا نییە، حزب حکومەت و پەرلەمان دابخات، لە کوردستاندا نۆرمە. لە هیچ گۆشەیەکی دنیادا هیچ دەسەڵاتێک موچەی کرێکاران و کارمەندان بۆخۆی گل ناداتەوە و دەست بەسەرداناگرێت. لەهیچ شوێنێکی دنیا پەرلەمانێک نییە سەدان یاسا دەربکات و کەس (.... بەکڵاوی نەپێوێت)، لەهیچ شوێنێکی دنیا نییە، رادەی دزی و تاڵانی بەپرسانی حزبی و حکومی بەو ئاستەی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بێت. لەهیچ گۆشەیەکی دنیا نییە، هیچ بکوژێکی بەرپرس و کەسێکی نەخشە دارێژ بۆ کۆشتار و تیرۆر نەدرێتە دادگا" هەر دادگایەک". لە هیچ شوێنێکی دنیا جغرافیایەک نادۆزرێتەوە،خاڵی لە یاسا" هەر یاسایەک" بێت. لە دنیادا نییە بە رۆژی روناک و بەئاشکرا

بۆ اپەرە 4

# وەهمی دروستکردنی پاڵەوان!

**" سەبارەت بە گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا!"**

موحسین کەریم :

ناسیۆنالیزمی کورد هەمیشە بەشوێن ئەوەوە بوە لە رەمزەکانی خۆی پاڵەوانی کارتۆنیی رزگاریبەخش بۆ کۆمەڵگا دروست بکات! لەکاتێکدا ئەم پاڵەوانە کارتۆنیانە بەردەوام بوونەتە مایەی کارەسات بۆ خەڵک و سیاسەتە بەرژەوەندخوازو کورتبینانەکانیشیان شکست و بێ ئومیدی و بێ ئیرادەیی کردۆتە نسیبی خەڵکی بەشمەینەت و ستەمدیدەی کوردستان.

لە هەلومەرجی سیاسی- کۆمەڵایەتی تازەی کوردستاندا، کە دوو حزبی سیاسی- میلیشیایی بۆرژوازی داهات و سامانی کوردستان تاڵان دەکەن، ئازادیەکانیان لەژێر پێ دەنێن، پارەی مووچەو خەرجی رۆژانە و شیری منداڵ و دەرمانی نەخۆش وەکو پاداشت و هاندان دەکەن بە قورگی هێزە چەکدارو ئەمنی و داپڵۆسێنەرەکانیاندا، پاڵەوانێکی کارتۆنی وەکو رزگاریبەخشی خەڵک لەلایەن میدیای بەناو ئەهلی و نوسەرانی ناسیۆنالیستی نارازیەوە دروست دەکرێ و کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانی خەڵکی دەدرێتە دەست! هەموو رۆژێک مژدەی گەڕانەوەی لە بەریتانیاوە بۆ کوردستان دەکرێتە سەردێڕی هەواڵەکان و ئومێدی کردنەوەی گرێ کوێرەی بارودۆخی سیاسی کوردستان بە درکاندنی چەند ووشەیەکی ئەودا هەڵدەواسرێ! ئەو پاڵەوانە کارتۆنییە، نەوشیروان مستەفایە، کە زیاتر لە کەناڵەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، نوسەرانی ناسیۆنالیست و سیاسەتمەدارە دووڕوەکانی بۆرژوازی و میدیای بەناو سەربەخۆو ئەهلی، بەباڵایدا هەڵدەدەن و گەڕانەوەکەی، دوای ٨ مانگ لە پەناگیری و نەدرکاندنی وشەیەک سەبارەت بە بارودۆخی قەیرانگرتوو و ژیانی کارەساتباری خەڵکی مافخوراو، وەکو گەڕانەوەی پەیامبەری رزگاریبەخش بانگەشە دەکەن.

ریاکاری و چەواشەکاری ئەم تەیفە لە سیاسەتمەدار و نووسەرانی بۆرژوازی سەبارەت بە ئومێدهەڵچنینەکان لەسەر گەڕانەوەی و کردنەوەی دەرگا کلۆم دراوەکانی قەیرانی سیاسی و ئابوری لە کوردستان، ئەوکاتە خاسیەتی بۆگەن و کۆنەپەرستانەی خۆی ئاشکرا دەکات، کە بەراوردی بکەی بەو سەردەمەی ناوبراو چەندین ساڵ لە کوردستان بوو. لەوکاتەدا نەوشیروان پرۆژەی سیاسی خۆی بۆ سیستەمی حوکمڕانی و پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوانی بۆرژوازی خستەروو، بەڵام نەک هەر نەیتوانی هەنگاوێک بارودۆخی سیاسی کوردستان بە ئاقارێکی ئیجابی و لە بەرژوەندی خەڵکدا بەرێتە پێشەوەو گۆڕانکاری تیدا بکات، بەڵکو نەیتوانی پرۆژەکەی خۆشی یەک سانتیمەتر بەرەو پێش بەرێت. جێهێشتنی کوردستان و خەڵوەتە ٨ مانگیەکەشی لە لەندەن، بەڵگەیەکی بێ چەندوچوونی دانپێدانانی بوو بە شکستی پرۆژەکەیدا!

خەڵکی کوردستان لە خراپترین هەلومەرجی ژیاندا گوزەران بەسەر دەبەن. هێرشێکی فراوانی برسیکردن و هەژارکردنیان لەلایەن حکومەتی هەرێم و حزبە میلیشیا دەسەڵاتدارەکانەوە دەستی پێکردوە. باج و رسوماتێکی زۆر لەسەر هەموو خزمەتگوزارییە حکومەییەکان دانراوە. خەستەخانە حکومیەکان لەپاڵ خەستەخانە ئەهلیەکاندا بونەتە کۆمپانیای بەتاڵکردنەوەی گیرفانی خەڵک! بەئاشکرا بەشێکی سەرەکی مووچەی کرێکارو کارمەندان و مووچەخۆرانی حکومەت بۆخۆیان لووش دەدەن، تەنانەت تاقە سەرچاوەی بژێویی خانەنشین و خاوەن پێداویستی تایبەت و دەستبەری کۆمەڵایەتیان تاڵان کردوە. لەولاشەوە کەشوهەوایەکی بێدەنگکردن و تەنگەبەرکردنەوەی ئازادییەکانیان بەسەر کوردستاندا زاڵکردوە. گاڵتەجاری ریفراندۆمیان بەرێخستوە تا ئەم هەموو کارەسات و بێمافییە بە نرخی بەدیهێنانی ئومیدی لەمێژینەی خەڵکی "کورد" بە

بۆ لاپەرە 2

# پشت ئاشان... تاوانکارییەکی لەبیرنەکراو!

**کارەساتی جەنگی ناوخۆو دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، برینێکی بەسوێیە، لە ناو ئەم جەنگانەدا، کارەساتی پشت ئاشان... ڕووداوێکی لەبیرنەکراوە... ئاستی دڵڕەقی و توندوتیژ و کوشتاری دیل و زەماوەند گێران لەسەر لاشەی لەخوێن هەڵکێشراوی قوربانیان. ئەو تاوانەیە کە هەرگیز ناتوانرێت لە بیربکرێت و ئەم دۆسیەش بەئاسانی دابخرێت. لە کاتێکدا، نەخشەدارێژەران و کاراکتەرە دیارەکانی ئەم تاوان کارییە، هێشتا، نەک بەسزای یاسایی نەگەیشتوون، بەڵکو هێشتا وە کاراکتەری لاباک و بەپرسی حزبی لەکوردستاندا، لەمەیدانی سیاسیدا، ئامادەییان هەیە و بەدوای ئەم ڕوداوەشدا دەستیان لەم کردەوی و سەرکوتگەرانە و کوشتار هەڵنەگرتووە. لەوانەیە ڕوداوی ١٤/ ٧ سلێمانی و کوشتاری پولێک ئینسانی کۆمۆنیست، لەناوجەرگەی سلێمانی و بەبەچاوی خەڵکی و بەڕۆژی ڕوناک، ڕاستی خوی قەسابی بوونی ئەو کاراکتەرانە نیشان دەداتەوە. شایانی باسە ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە دیار نامیق ئامادەیکردووە و ئێمەش وەکو بڵاوکراوەکە یەک دوو پەرەگرافمان بە پێویست زانییەوو بۆمان زیاد کردووە و وە لەبەر گرنگی بابەتەکە و بێدەنگی میدیای نۆکەرو موچەخۆر بەپێویستمان زانی جارێکی تر لێرەدا بڵاوی بکەینەوە. ئەم ڕاپۆرتە گۆشەیەک لە زانیاری و ئەو دڵڕەقیەمان نیشان دەدات، کە یەکێتی نیشتیمانی و بەدیاریکراوی بەرپرسی سەربازی ئەو هۆلۆکۆستە نەوشیروان مستەفا و هێزەکەی لە ساڵی ١٩٨٣ئەنجامیان داوە. ئەمانە بەو هەموو تاوانکارییەوە هیشتا لەلایەن خێڵێک لە نووسەرو دەروێشی سیاسی وەکو کاریزما دەرخواردی کۆمەڵگا دەدەرێن و ئەوەی جێگای هەڵوێستەشە، میدیای بەناو ئەهلی ڕاگوزەریش ئامادەنین هەڵوێستەیەک لەم ڕوداوە بکەن.**

**نەوشیروان موستەفا بۆچی 70 دیلی شیوعی کوشت؟**

**لەیادی کارەساتی ١ ئایار کوشتنی شیوعیەکان بەدەستی یەکیتی و بەتایبەت نەوشیروان مستەفا:**

تا کۆتاییەکانی ساڵانی حەفتاو سەرەتاکانی ساڵی هەشتا پشت ئاشان وەک ناوچەیەکی چۆڵ مایەوەو هیچ کەس و لایەنێک لێی نیشتەجێ نەبوون، تا ئەوەی لەساڵی 1982 حزبی شیوعی لە نۆکانەوە بەرەو پشت ئاشان بەڕێکەوتن و بەبڕیارێک ناوچەکەیان کردە بارەگای سەرەکی خۆیان. بەشداریکردنی حزبی شیوعی شانبەشانی پارتی و سۆسیالیست وەک بەرەی جود لە یەک بەرەی نیشتمانیدا، یەکێتی لەحزبی شیوعی سەغڵەت کرد و پەیوەندیەکانیان لەناوچەی سلێمانی بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت چونکە تا ئەوکاتە یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیوەندیی و ڕێککەوتنی لەگەڵ حزبی بەعس هەبوو، لە هەمان کاتیشدا حزبی بەعس و حزبی شیوعی دژایەتی خەستیان لە نێواندابوو، نزیکبوونەوەی شیوعی لە حسک و پارتی، بەلای بەعسو یەکێتییەوە جێی قبوڵکردن نەبوو. هەر بۆیە یەکێتی لەهەلێک دەگەڕا بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە،هەروەک ئەو نووسەرانەی لە شاخ بوون، لە یادوەرییەکانیاندا ئاماژەیان بەوەداوە کە ڕووداوەکە بەهاوکاری و هاندانی بەعس بووە.

یەکێتی لە لە 1ی ئایاری 1983 ولە ڕۆژی جیهانی و نێونەتەوەیی کرێکاراندا، هێزێکی زۆری کۆکردەوە بۆ لێدانی ئەو لایەنانەی بەرەی جود لەوانە (حسک و پاسۆک و حزبی شیوعی) بارەگای سەرجەمی ئەو لایەنانەش لەناوچەکانی قەندیل گیرسابونەوە، ئەمەش بۆ یەکێتی کارێکی ئاسان بوو کە بەهێرشێک دەستی خۆی بوەشێنێت، هێرشەکەی یەکێتی بەسەرکردایەتی نەوشیروان موستەفا کرایە سەر بناری قەندیل و بارەگای سەرکردایەتی هەر سێ حزبەکە. نەوشیروان مستەفا لە کتێبی پەنجەکان یەکتری دەشکێن دا بەر لە دەستپێکردنی شەر بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی جود دەڵێت" ئێمە هێزەکانمان لە زەڵی کۆکردەوە. مام جەلال هات بۆ خواحافیزی و ، وتارێکی بەسۆزی بۆ دان و، داوای لێکردن ئەرکەکەیان بەچاکی بە جێ بهێنن و ، بەپەلە بەڕێ بکەون بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێکانیان لە مەڵبەندی ٤ لەگەمارۆی جود" هەروەها هەر نەوشیروان دەڵێت" ڕەمزی دەسپێکردنی پەلاماردان بانگەواز بو، کە ئەبو لە ڕادیۆوە بڵاوبکرێتەوە، پەندێکی کۆنی کوردی بو: "تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەزەبرە!" ڕادیۆ دەستی کرد بە خوێندنەوەی بانگەوازەکە. ناوی خوامان لێ هێناو کەوتینە ڕێ..."

بۆ ئەمەش قادر ڕەشید دەڵێت: نەوشیروان موستەفا سەرکردایەتی ئەم هێزانەی دەکرد لەپەلامارەکەیدا بۆ سەر قەرناقاو ئاشقوڵکەو ڕەزگەو پشت ئاشان کە بە دڕندەترین شێوە نزیکەی 75 دیلی شیوعییەکانی کوشت و لەشەڕەکەشدا نزیکەی 600 کەس کوژران.

نەوشیروان موستەفا دەڵێت: بڕیارماندا پەلاماری سەرکردەکانیان بدەین. یەکێتی هێرشەکەی ئەنجامداو بەماوەیەکی کەم و بەزەرەرو زیانێکی ئێجگار کەمەوە پەلاماری ناوچەکانیدا. قادر ڕەشید کە ئەودەمە بەرپرسێکی باڵای ئەو حزبە بووە لەکتێبەکەیدا دەڵێت: لەماوەیەکی کەمدا توانیان دەستبگرن بەسەر ناوچەکەداو ئیتر بارەگاکانی هەرسێ حزبەکەی بەرەی جود (حشع و حسک و پاسۆک) کەوتە ژێر ڕەحمەتیان و شەلم کوێرم ناپارێزم و ئەوەی توانیان لەکوشتن و برین و تاڵانی کردیان. نەوشیروان موستەفا لە ڕێگەی ئێزگەوە ڕایگەیاند بوو: دیلم ناوێت، پەرێزتان پاک بێت. ئەمەش پەیامێک بوو بۆ هێزەکانی یەکێتی کەدیل بکوژن و پەرێزیی خۆیان بەکوشتنی دیل پاک بکەنەوە. سوکایەتیکردن بەئافرەتە شیوعیەکان ئەنجامی شەڕەکە شکانی هەر سێ لایەن و سەرکەوتنی یەکێتی لێکەوتەوە، لەو شەڕەدا زیاد لە "688" ئەندامی حزبی شیوعی لەناوچون و ژمارەیەکی زۆریش بەدیلگیران، ئەوەی توانیان لەکوشتن و تاڵان و بڕین کردیان، خێزانەکان بەدیل گیران، (فریشتە و فەیروزی) خێزانی فاتیح ڕەسوڵیان بەدیلی برد بۆ بارەگاکانی خۆیان و سوکایەتیان پێکردبوون. حزبی شیوعی و ئەو کەسانەی کە لەشەڕەکەدا بەشداربون و لای یەکێتی دیل بوون باسی چەندین سزاو سوکایەتیان کردووە. قادر رەشید لە کتێبەکەیدا "پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگیدا" نووسیویەتی "نەوشیروانییەکان پەنجەی کچێکیان بەناوی "ئەحلام" بڕیوە بۆ ئەوەی ئەڵقەکەی لێ ببەن، تەرمی پێشمەرگەیەک بە ناوی عەلی حوسێن لە ژێر خاک دەردێنن بۆ گەڕان بە دوای چەکەکەیدا و تەرمەکەشی لە ڕۆخی ڕووبارەکە بە جێدێڵن، کەسێک بە ناوی ئەبو مەکسیم کە خاوەنی 7 منداڵ دەبێت بە بێ ئەوەی دەست بکاتەوە دەدرێتە بەر ڕێژنەی گوللە و دەکوژرێت، ئەو دیلانەی پارەیان پێبووە رووت دەکرانەوەو دەکوژران."

**نەوشیراوان مستەفا و پشت ئاشان:**

یەکێک لەو پێشمەرگانەی کارەساتیی پشتئاشان ڕزگاری بووە هاوڕێ سەربازە، لەو سەنگەرە بووە، کە لە25 پێشمەرگە تەنیا 5 پێشمەرگە ڕزگاریان بووە، ئەوانی تر کوژراون، بەم شێوەیە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە: ڕۆژی 1ی ئایاری 1983 نەوشیروان مستەفا نامەیەکی بۆ بارەگای ئێمە نارد، هاوڕێ قادر نامەکەی بۆ خوێندینەوە، کە ناوەڕۆکی نامەکەی دەڵێت: هاوڕێیانی حیزبی شیوعی مەترسیتان نەبێ، ئێمە پابەندی ڕێکەوتننامەی نێوانمانین، ئەو هێزەشمان بۆ سەرکردایەتی سۆسیالیست کۆکردۆتەوە، بەلای ئێوەدا ڕەت دەبین، تکایە ڕێگامان لێ مەگرن، بۆ گرتنی سەرکردایەتی سۆسیالیست. لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکە هاوڕێ مام رەسو گومانی هەبوو ئەو نامەیە بۆ خافڵاندنی ئێمە بێت. گوتی: دەڕۆم بۆ مەکتەبی سیاسی ئاگاداریان دەکەم، من لەگەڵیدا ڕۆیشتم کە گەیشتینە مەکتەبی سیاسی ئەبو عامل بەرپرسی مەکتەبی سەربازی حزب لەوێبوو، مام رەسول هەموو ئەو مەترسیانە و نامەکەی نەوشیروان و ئەو هێزە زۆرەی یەکێتی کە دەوروبەری ئێمەیان گرتووە و قەناعەتی خۆشی بۆ ئەبو عامل ڕوون کردەوە. گوتی: یەکێتی لێماندەدات بائاگاداربین، بەڵام ئەبو عامل بەرپرسی سەربازی حزبی شیوعی بەدووریزانی شەڕ لەنێوان ئێمە و یەکێتی ڕوویدات، گوتی ئێمە ڕێکەوتنمان له26/4/1983 واژۆ کردووە، ئەو هێزانەش بەعس و جاشەکان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە هاتون مەترسییەکە بۆ هەموو حزبەکانە، بێگومان مام رەسو زۆر هەوڵیدا قەناعەت بە حزب بکات، بەڵام بێ سود بوو، مام رەسو بەدڵگرانیەوە بە پەلە گەڕایەوە بۆ ساوێن کە گەیشتینەوە کاتژمێر 10 بوو، هاوڕێیانی کۆکردەوە کە 25 هاوڕێ بووین، دانیشتین مام رەسو بەپێوە وەستابوو قەناسێکی لەشان دابوو قسەی بۆ دەکردین لەسەر ئاڵۆزی ناوچەکە و ڕووبەڕووبوونەوە لەکاتی شەڕدا لەم قسانەدابووین گولەیەکی قەناس لەسەری مام رەسوی دا بەخێرایی هاوڕێ هەندرێن پەلاماری دا نەکەوێتە خوارەوە، ئیتر لەهەر چوارلاوە ئاربێجی و بیکێسی دەستیپێکرد، شەڕێکی دەستەویەخە ڕووی دا، تا توانیمان شەڕمان کرد و دواتر بەجیاجیا بەهۆی شارەزاییمان لەناوچەکەدا خۆمان گەیاندە ئاشقوڵکە، بەڵام جگە لەهاوڕێ قادر بەبریندار بەدیل گیرا و دواتر شەهیدیان کرد، بەداخەوە لەو سەنگەرەی ئێمە 20 هاوڕێمان لێ شەهیدبوو، کە دوویان برابوون شەهید قادر و شەهید عەبدوڵڵا. هەروەها دەڵێت نازانم ئەو هەموو تووڕەییەی یەکێتی بەرامبەر بەحزبی شیوعی چیبوو! چونکە لەم شەڕەدا کەسیان نەدەپاراست، تەنانەت دیلەکانیشیان کوشتن! نەوشیروان مستەفا ٧٥ کەسی لێ کوشتن سەید کاکە، لەدیمانەیەکدا باس لە شەڕی پشت ئاشان دەکات، ئەو شەڕەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا ئەنجامیدا و هێرشی کردە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی و سۆسیالیست و پاسۆک، کە چەندین کادیری شیوعی و حیزبەکانی دیکە کۆمەڵکوژ کران. سەیدکاکە جەخت لەوەدەکاتەوە کە لەو شەڕەدا بەعس هاوکاری یەکێتی کردووە. سەید کاکە بە شێوەیەک شەڕی پشت ئاشان و قەتڵوعامەکەی نەوشیروان مستەفا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: یەکێتی لەگەڵ حکومەت ڕیککەوتبوو، ڕۆژی پێشتر حکومەت 500 تۆپی لێداین، کە یەکێتی هجومیان کرد شکان، ئێوارە بوو و من لەبەردەمیان بووم، فیشەکمان نەما، ناردم فیشەک بێت، گوتیان فیشەک نییە، کە فیشەک نەبێت سبەی هجوم بکات چی دەکەی؟ گوتم سەحب بکەن، بەشیوعیەکانیشم گوت لێرە ئاوا دەبین دەچینە قەندیل، هەمووتان سەحب بکەن. بەوانەی خۆشمان گوت، کە فیشەکتان نی یە بۆ دەخەون، بڕۆنە قەندیل. لەوێ بەڕێمکردن، کەمێک غافڵام، سبەی لەگەڵ ڕۆژهەڵات

بۆ لاپەرە ٩

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی... پشت ئاشان تاوانێکی ...

هجومیان کردو تەقەمان لێکردن، نەیانتوانی سەرکەون، تا ئێوارە سەبر سەبرە رۆیشتن، شکانەکەمان بەو جۆرە نەبوو. بەڵام شیوعیەکان بۆ قەندیل نەهاتن، خۆیان پێ قورتار نەکرا، تەسلیم بەوان بوونەوە، نەوشیروانیش هەمووی کوشتن کە 75 کەس بوون، شەڕی باشیشیان نەکرد، نەوشیروان پێی دەگوتن ئێمە هاتووینە سەر (حسک) ئێوە شەڕ مەکەن، فێڵیان لێکردن و شەڕیان بەجدی نەکرد، خۆ گەر شەڕی جدییان بکردبایەو فیشەکیان بدابایە ئێمە، قەت بە ئێمە نەدەوەستان، بەو جۆرە ئەنجامەکەیان بەو جۆرە بوو، ئێمەش 4-5 کەسمان شەهید بوون. هەروەک سەید کاکە لەگێڕانەوەکانیدا ئاماژەی پێدەکات: یەکێتی ئەوەی دەکرد، خەڵکی دیکە ئەوەی نەدەکرد، یەکێتی بڕیاری ئەوەی دابوو، ئەو خەڵکە بکوژێت و خۆی بە تەنیا لەمەیدان بمێنێتەوە، هەموو شتێکیان بەکارهێنا، دوایی حکومەت پێیگوتن ئێوە هەر هیچ نین، جاشەکان زۆر لەئێوەبەقیمەتترن.

**خواردنی فاسۆلیای خوێناوی شیوعیەکان:** ئەو راستیانە لە یادەوەری زۆربەی ئەو کەسانەدا نەسڕاوەتەوە. کاتێک جێگرەکەی تاڵەبانی لە ناو بارەگای راگەیاندنی حزبی شیوعی و لەسەر تەرمی قوربانییەکان لە رادیۆی ناوەندی شۆڕشی نوێوە مژدەی سەرکەوتنی هێزەکەیانی بە ڕای گشتی گەیاند کە هێزەکانیان فاسولیای قوربانییەکان نۆش دەکەن و ورەیان بەرزەو ئێستا سەرقاڵی باڵەکانی ئەوانن پاش ئەوەی سەریان پان کرایەوە. فازیل کەریم ئەحمەد (جەعفەر) لە چیرۆکی ئەمڕۆ زەماوەند دەگێڕین دەڵێت: (شێرۆ- واتە نەوشیروان مستەفا) بە دەستی خۆی دیلەکانی دەکوشت. هەروەها دەڵێت: دیلە شیوعییەکان دەیانگوت ئێمە تازە گەیشتوین و چەکمان پێنەدراوەو لە شەڕیشدا بە دیل نەگیراوین، ئیتر بۆ بەناهەق دەمانکوژن؟ (شێرۆ) بە وەڵامیان قایل نەبوو لەگەڵ هاژەی دەستڕێژی گولەدا دیوارو ئەردی ژوورەکە بەخوێنیان سور هەڵگەڕان. قسەکردنیش لەسەر ئارەزووی خواردن بەسەر تەرمی قوربانییەکانی ئەو کارەساتە، وێرانەیەکمان پیشان دەدا، تیایدا چەکدارەکان بەخوێنێکی ساردەوە، بەسەر لاشەی هەلاهەلابوی قوربانیان فاسۆلیا دەخۆن و هەڵپەرکێ سازدەکەن، کە ئەمەیان لە هەڵدانەوەی گۆڕی رابردوو، بە سوێترن. ئەبو شوان سەرکردەی ئەوسای حزبی شیوعی پێیوایە سەرکردایەتی یەکێتی هەموویان بەرپرسن لەو تاوانە، بەڵام بەشی شێری بەر نەوشیروان مستەفا دەکەوێت. بۆیە دەڵێت "هەموو سەرکردەکانی یەکێتی بڕیاردەری رووداوەکەی پشتئاشانن، بەڵام پشکی شێر بەر نەوشیروان مستەفا و تەواوی ئەوانەی راستەوخۆ بەشداریی شەڕەکە بوون، دەکەوێت.

**رۆڵی حکومەت بەعس:** ئەبو شوان، لە چاوپێکەوتنێک کە لە دیسەمبەری 2009 کە لەلایەن رۆژنامەنووس "رزگار چوچانی" لەگەڵیدا ئەنجامدراوە دەڵێت "خدر مەعسوم لە چاوپێکەوتنێکدا، بە ئاشکرا دەڵێت (پەلاماردانی پشتئاشان بە بڕیاری سەرکردەکانی یەکێتی بووە). ئەوە راستییەکی مێژووییە و چووە لاپەڕە رەشەکانی مێژووی یەکێتییەوە، بەڵام دەبووایە خدر ئەوەشی بووتایە ئەو هێرشە بۆ سەر پشتئاشان، بڕیار و هاوکاری رژێمی بەعسیشی تیادا بوو."

**سڕینەوەی بەڵگەکان:** زۆرێک لەشۆڕشگێڕانی ئەوساو سیاسەتمەداران باس لەوە دەکەن پەلامارەکەی یەکێتی نیشتمانی بەهاوکاری ڕژێمی بەعسی پێشوو ئەنجامدراوە، لەوانە دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف کە سیاسەتمەدارێکی کوردبووە پێش چەند ساڵێک بەهۆی ئەو لێدوانە رۆژنامەوانیانەوە لەڕووداوێکی پڕ لەتەمو مژاویدا لەشاری کەرکووک لە ساڵی 2008 تیرۆرکرا، لە لێدوانێکیدا لەبارەی رووداوی پشت ئاشان بۆ یەکێک لەگۆڤارەکان، دەڵێت: شەڕەکەی پشت ئاشان بەفەرمان و هاوکاری رژێمی پێشوی سەدام بەرپاکراوە. هەروەها قادر رەشید لەبارەی ئەمەوە دەڵێت: ناوزەنگ پڕبوو لەپێشمەرگەیەکی زۆر کە لەگەرمیان و شارەزوور و جێگاکانی ترەوە هاتبوون، ئەو هێزانە هەموو پۆشتەو پەرداخ بوون لەجل و بەرگی وەک قەمسەڵەی گەرم و پێڵاوی باش و کۆڵەپشتی پڕ لە موعەلەبات، هەروەها چەکی نوێی وەک بیکەیسی و ئاربیجی و دۆشکە و قەناسەو کلاشینکۆف و دەزگای بێسیمی ڕاکاڵ و وۆلکی تۆلکی و دوربین، هەواڵمان پێگەشت کە ئەو کەلوپەلە سەربازیە خەستوخۆڵەی یەکێتی لەناوچەکەدا بۆ خۆئامادەکردنە، لەڕژێمی بەعسەوە نێراوە. هەرچییەک بێت ڕووداوەکە بۆ گەلی کورد جەرگبڕەو جێی ئازارە، کە گومانی تێدانیە تائێستاش پاشماوەکەی بەجەستەی گەلی کوردەوەیە، بە تایبەت کە هێرشەکە بۆ سەر هێزە کوردییەکان بووە و بە راسپاردە و هاندانی حزبی بەعس ئەنجامدراوە.

## درێژەی ... شەری موسڵ بەرەو کۆتایی...

گرنگەکانی نەبەردی خەڵکی ئازادیخوازیش لەم قۆناغە تازەیەدا خەباتە لە پێناو ناکامکردنەوەی هەر جۆرە کیانێک کە لەسەر بناغەی قەومی و تائیفی بیەوێ بێتە دامەزران. پێداگری لەسەر پێویستی غەیرە قەومی بوون و غەیرە دینی بوونی دەوڵەت لە هەموو ئاستێکدا، بۆ خەڵکی ئازادیخواز و تینوی رزگاربوون لەشەڕ و کوشتار و نائەمنی، ئەنجامگیریەکە کە پێویستە لە تاقی کردنەوەکانی ١٤ ساڵی رابردوو وە لە خودی سەرهەڵدانی داعش و کارەساتەکانی بگیرێت.

لە بارەی بانگەشەی تاقمە قەومپەرستە تورکمانیەکانیشەوە، لە راستیدا کێشەیەکی سیاسی بە ناوی کێشەی تورکمان لەم کۆمەڵگایەدا نەبوە و نییە و هیچ بنەمایەکی نییە. بەو رادەیەش کە ئەم پیلانە بڕواتە پێشەوە، بەر لە هەرشت خودی هاوڵاتیانی تورکزمان دەکات بە قوربانی و سوتەمەنی. سەرجەم ئەو حزبانەش کە بە ناوی تورکمانیەوە قوت کراونەتەوە نوێنەرایەتی هیچ مەسەلەیەک ناکەن، بەڵکو یان رۆڵی دەسکەلایی دەگێڕن و ئامرازی دەستوەردانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیان، یان کارتی کایەی سیاسی حزبە سیاسیە نەیارەکانن. ئامانجێک کە گوایە کۆنگرەی یەکگرتوی لایەنە تورکمانیەکان دەیانەوێ لەدەوری تەوەرە ببەستن، واتە "نەخشەرێگای تورکمان بۆ دوای داعش و هەژمارکردنی تورکمان وەکو نەتەوەی دووەمی کوردستان" تا کوردستان، بە دیاریکراوی خەڵکی سەرمۆخ کۆنەپەرستانەیە. نەک هەر تۆزقاڵێک رووی لە بەهرەمەندبوونی هاوڵاتیانی تورکزمان لە مافی زیاتر نییە، بەڵکو سوکایەتیەکی گەورەیە بەو بەشە لە هاوڵاتیان و کۆتی کۆیلایەتی و پلەدوویی دەخاتە گەردنیان. بەپێ ئەو لۆجیکە قەومیە کۆنەپەرستانەیە هاوڵاتیانی تورکزمان ناتوانن مافی یەکسانی وەکو هاوڵاتیانی کوردزمانیان هەبێت، بەڵکو وەکو هاوڵاتی پلەدوو و لە کوردزمان مافی کەمتریان بۆ دیاری دەکرێت. ئامانجیش لەمە کارتێکی کایەی سیاسیە لە هاوکێشەی سیاسی عێراق و ریزگرتنی دەستەو تاقمە قەومیە تورکەکانە بۆ ئەوەی لەسەر بناغەی دانی مۆری پلەدوویی و کۆیلایەتی لە ناوچەوانی هاوڵاتیانی تورکمان، بەشە دەسەڵات و داهات بە خۆیان ببڕێت.

خەڵکی ئازادیخواز لە عێراق و لە تورکزمان پێویستە لەوە هوشیارتربن کە بکەونە ئەم داوەوە وببن بە لەشکری رەشی چەند تاقمێکی راسپێردراو لە لایەن ئەردۆگان و بارزانیاکان و تالەبانیەکان و تائیفەچیەکانی بەغداوە، کە لە کێشمەکیشی کۆنەپەرستانەی خۆیان لەسەر دەسەلات و داهات یاریەکی لەرادەبەدەر حەقیرانە بە ژیان و چارەنوسی ئەم خەڵکە دەکەن. هاوڵاتیانی تورکزمان چ لە کوردستان و چ لە عێراق نابێ و ناکرێت بە هاوڵاتی پلەدوو هەژمار بکرێن، بەڵکو دەبێ وەکو ئەودوای هاوڵاتیان مافی بە تەواوی یەکسانیان هەبێت. لەوانە مافی خوێندن و قسەکردن بە زمانی دایکی، هەروەها مافی خۆ بەربژێرکردن بۆ هەموو پۆستە جۆراوجۆرەکانی ولات بە پۆستی سەرۆکی دەوڵەتەوە، مافی هەر هاوڵاتیەکی تورکزمانە، بە هەمان ئەو پێوەرانەی کە مافی هاوڵاتیانی ترە. تاڵەمویەک لەمە کەمتر جگە لە سوکایەتی بەو هاوڵاتیانە و شەتەکدانی زنجیری کۆیلایەتی لە دەست و پێیان، هاوکات جگە لە هەنگاوێکی تر بۆ قوڵکردنەوەی ناکۆکی و دوبەرەکایەتی و باوەشێنکردنی ئاگری شەڕ و کوشتاری کۆنەپەرستانەی قەومی هیچی تر نییە. ئەگەر ئەم رەوت و پرۆسەیە بڕواتە پێشەوە دەگات بەوەی کە هەر گەرەکێک دەبێتە مەیدانی دوبەرەکی و شەڕ و کێشە لەسەر بناغەی کورد و عەرەب و تورک و ئاشورو کلدان و شیعە و سونە و مەسیحی و یەزیدی و کاکای و فەیلی و هەورامی و شەبەک و ...

**ناوەراستی ئایاری ٢٠١٧**

**دەستڕاگەیشتنی هاووڵاتیان بەسەرچاوەکانی زانیاری، مافێکی ڕەوایە!**

### پاشماوەی دوا ستوون...

هوشیارو خەباتگێرەکانە، دەکرێت لێی بڕوانرێت. با بیهێنینە بەرچاو، ئەگەر لە جێگای ئیمانوێل، مارین لوپان لەم هەڵبژاردنەدا دەرچوایە چ مەترسیەک پێشبینی دەکرا بۆ فەرەنساو هاوڵاتیانی و بۆ تەواوی ئەورووپاش؟ دیارە دۆخەکە بەتەواوی ئاڵوگۆری بەسەردا دەهات. لەلایەکەوە مەدی راسیستی و دژی خاریجی و پەنابەری رەوتی رووڵەهەڵکشانی خێرای دەبری، هەروەها دەبووە بلوکێکی بەهێز لەناودڵی ئەورووپادا لەگەڵ هاوتاکەی لە بەریتانیادا، کە بێپەردە نوینەرایەتی راسیزمیان دەکرد و هەرەشەی دەرچوونی فەرنساش لەیەکێتی ئەوروپا، بەرجەستەتر دەبوو. هەموو ئەمانە پێشبینی ئاڵوگۆری گەورەی لە ئەورووپادا، بەدوای خۆیدا کێش دەکرد. وەڵامی خەڵکی فەرەنسا بە نا وتن بۆ مارین لوپان، نا وتن بوو بەو ئاڵوگۆرەی کە بەزیانی خەڵکی فەرەنساو تەواوی ئەورووپادا، دەشکایەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین، سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەرەنسادا دەنگی نای خەڵک بوو بە راسیزم و ئالوگۆرێکی تەکاندەر نەک سەرکەوتنی ئیمانوێڵ.

دیارە هەڵبژاردن، لە ژێر سایەی نیزامی دیلیهێنەری سەرمایەداریدا، هەرگیز چاوەروانی ئاڵوگۆری بنەرەتی و بەرجەستەی بە قازانجی خەڵکی کرێکار لێ چاوەروان ناکرێت. ئاڵوگۆری بنەرەتی بەندە بە هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ڕێکخراو لە حزبی چینی کرێکارو ڕێکخراوە جەماوەری و رادیکاڵ و پیشەیی و جەماوەریەکانی خۆیاندا و لەژێر ئاڵا و ئاسۆی سوسیالیزمی کرێکاریدا، بەدژی سەرجەم باڵ و بزوتنەوەی بۆرژوازی و نیزامی سەرمایەداری. زەمینەی عەینی بۆ کارێکی ئاوا و دەستبردن بۆ شۆرشی جەماوەری لە خوارەوە لە فەرنسادا ئامادەیی هەیە. ئەوە نەبەردێکە سەرباری دواکەوتنی دەشێت فەرەنسا پێشەنگی لە دڵی ئەوروپادا بگرێتەوە دەست.

ئەو کاتە دنیای شارستانی شایستەی هەڵبژارنێکی راستەقینە دەبێت، کە جەماوەری کرێکاری و بەرهەمهێنی ئەم کۆمەڵگایە، بە بەرپاکردنی شۆرش، دەستیان بۆ بردووە...

**ناوەراستی ئایار ٢٠١٧**

دوا لاپەڕە
15/5/2017 (4) ژمارە

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ڕێبوار ئەحمەد،تاهیر عیسا،هەتاو عەبدوڵاهی،ئاسۆ کەمال
عەبدولرەحمان رەسوڵ،محسین کەریم،عەبدوڵا مەحمود،
کەریم کەریم

پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە سەرنووسەرەوە:

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی
بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# بەرپرسێک خاوەنی ٣٦٠ شوققەی ٥٠٠ هەزار دۆلارییە لە ئەڵمانیا... ناوەکەی لای شێرکۆ جەودەتە!

بەپێی ڕاگەیاندنی شێرکۆ جەودەتی ئەندام پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی، بەرپرسێکی هەرێم کە لەشاری سلێمان نیشتەجێیە، خاوەنی ٣٦٠ شوققەیە لەکەنار یەکێک لەدەریاکانی ئەڵمانیا.. کە نرخی هەر شوققەیەک برکەی ٥٠٠ هەزار دۆلارە... دیارە ئەوە سەیر نییە کە بەرپرسانی حزبی حکومی خاوەنی ئەو سامانە و زیاتریش بن... بیگومان ژمارەی ئەو بەرپرسانە کە خاوەنی شوققەو ڤێلاو بەنزینخانە و سامانی زۆرو زەوەندی تری نەقدی و غەیرە نەقدین کەم نین و ڕۆژانە ڕاپۆرتە هەواڵ لەسەر سامانی ئەو بەرپرسانە بڵاودەکرێتەوە... ئەوەی جێگای هەڵوێستەیە، کاکی پەرلەمانتاری ئیسلامی لەخواترس و ڕاستگۆ!! ئامادە نییە ناوی ئەو بەرپرسە حزبییە بدرکێنێ کە خاوەنی ئەم شوقانەی ئەڵمانیایە... ئەم ئەندام پەرلەمانە تەسەلە کەخۆیشی لە داهاتی زۆر زەوەندی دزروای خەڵکی کوردستان موچەی خەیاڵی ئەندام پەرلەمانیەکەی لەچاو داهاتی هاوڵاتیەکی سادە وەردەگرێت...کە خانەنشینیش بوو هەر لەسامانی دزراوی خەڵکی کوردستان دەخوات.. ئەم ئەندام پەرلەمانە ئیسلامییە بە شاردنەوەی ئەم دۆسیەیە پێ بزانێ یان نەزانێ... دەبێتە پشتیوانی ئەو دزانەی ماڵ و ملکی خەڵکی کوردستانیان تاڵان و هەرزان فرۆش کردووە،ئەمەش نە سەیرە و نە تازە...



# کارەساتی خنکان و بێ سەروشوێن بوون بەردەوامە!



بەپێی چەند سەچاوەیەکی هەواڵ لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا، ١١ کەس لەکەنار ئاوەکانی دەریای ناوەراست خنکاون و زیاتر لە ٢٠٠ کەسی تریش تا ئێستا بێ سەروشوێنن و بەهەزارانیش لە لایەن تیمەکانی دەریاوە رزگار کراون... وە کەم ڕۆژ و هەفتەش هەیە هەواڵی جەرگبری خنکان و بێسەروشوێن بوونی دەیان و سەدان ئینسانی بێتاوانی راکردوو لەدەست جەنگ و کوشتار نەبنە ملۆزمی سەر دڵی ئینسان و ئینسانیەت و کەس و کاری ئەم قوربانیانە... هۆکاری سەرەکی ناچار بوونی بە لێشاو راکردنی خەڵکی لە عێراق و سوریاوە بۆ لیبیا و یەمەن و ...تاد، دەستێوەردانی سەربازی قوتبە جیهانیەکان و جەنگی دەستەو تاقمە کرێگرتەکانیانە کە هەریەکەیان لەژێر ناو بیانووی "جەنگی دژی تیرۆر، پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی، جەنگ با دیکتاتۆریەت." دەست لە کوشتاری کوێرانەی خەڵکی سفیل ناپاێزن... خەڵک بۆ راکردن لەم دۆزخە ناچارن بەناو کێڵگەی ئەلغام و بەناو شەپۆلی سەرشێتی دەریاکاندا گوزەر بکەن و خۆیان رادەستی قازاخچیانی ویژدان تۆپیوو بکەن... ڕێگای نەجاتی ئەو ئینسانانە لەجیاتی راکردن لەم دۆزەخە، دەستدانە خەبات و تێکۆشانە بۆ سەرەونگون گردنی ئەم رژێمە هارو درندانەو کۆتایی هێنانە بە دۆزەخەی بەرپایان کردوە.

# شۆرشگێر .. ناوەکەی تری مرۆڤە



شۆرشگێر
ناوەکەی تری مرۆڤە
کە ئیتر کۆیلەی پارە نییە
کەبێجگە لە واقعیات گوێرایەڵی هیچی تر ناکات
کە بەباوەرەوە هەنگاو هەڵدێنێت
دەکرێ ئەوت لەڕێگا باریکەکان بەرچاو بکەوێت
کەلەگەڵ هاوڕێکانیدا هەنگاو هەڵدێنێت
پێدەکەنێت لەکاتێکدا گیانی لەمەترسیدایە
ئەو دەزانیت کە زەمین یەکێکەو نابێت دابەش بکرێت
سروشتیش سەروەت و سامانێکە کە
هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە بەهرەی لێوەرگرێت
جەنگی ئەو جەنگی چینایەتییە
ئەو دەیەوێت جیهان بەشێوازێک ڕێکخات کە
لە تواناو فیداکاریی ئەووەوە دادپەروەری جیهان پەرەبستێنێت

نووسینی: ئۆژین پۆتیە

بۆپێشەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

## دواستوون

# هەڵبژاردنی فەرەنسا، دەنگی نا بەدژی راسیزم سەرکەوت

دەورەی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسا بە دەرچوونی ئیمانوێل ماکرۆن، کۆتایی هات. دەرچوونی ئیمانوێل لەم هەڵبژاردنەدا، بەمانای سەرکەوتنی کاندیکی باش بەسەر یەکێکی خراپدا نییە، وە بەمانای سەرکەوتنی چەپ و بەسەر راستدا لێک نادرێتەوە. دەرنەچوونی راستی پەرگیر و ڕوهەڵماراوی فاشیست لەفەرەنسا و لە جێگایدا دەرچوونی لیبرال و راستێکی نەرمی شاراوە تا ئەو ئاستەی نەیارەکانی بەچەپ ناوزەندی بکەن ناتوانێت هیچ ئومیدێکی باشی بۆ هاوڵاتیانی فەرەنسا لەسەر هەڵبهینجرێت. ئەوەی لەو پرۆسەیدا و لەم هەڵبژاردنەدا جێگای لێرامان و هەڵوێستەیە، مامەڵە و دیدی هاوڵاتیانی فەرەنسایە. خەڵکی فەرەنسا لەدۆخێکدا چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، کە کەشی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئەم سەردەمەدا، سەر راستکرانەوەی راسیزم و فاشیزم و پەرەگرتنی دوبارەی بزوتنەوە و رەوتە راستەکان و زاڵکردنی کەشی راسیستییە بەسەر کۆمەڵگادا. پۆستمۆدێرنیزم کە پایەکی بەهێزی راسیزم خولقێنی ئەم سەردەمەیە، هاوکات پایەکی بەهێزی سەرهەڵدانی داعشیزم و رەوت گەلی ئیسلامی نامۆن بەئینسان. ئەم رەوتە ئیسلامیانە نەک هەر بیانو پاساو دەبەخشنە راسیزم، بەڵکو بەکردەوە کۆمەک دەکەن بە راسیزم. بۆیە مەدی دژە پەنابەری، دژە خاریجی، پێداگرتنەوە لەسەر مەزنێتی ناسنامەی میللی ونەتەوەیی و ئیتنیکی، گەرانەوە بۆ رابردووی بێ پەنابەری، کەشی زاڵی دنیای ژێر سایەی نیزامی سەرمایەداری ئەم چەرخەیە. چەرخی بەیەکدادانی تیرۆریزمی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامی و رەوتەکانی بە پشتیوانی ئاشکرای خودی دەوڵەت و تیرۆریزمی دەوڵەتی، یەکێک لە ترساناکترین دۆخەکانی کۆمەڵگەی ئەم سەردەمەیە بۆسەر ئینسان و مافە جیهانداگرەکانی ئینسان و پێوانەو مافە فەردی و مەدەنیەکان. لە دڵی هەلومەرجێکی ئاوادا، چاوخشاندن بەسەر هەڵبژاردنەکانی فەرەنساندا و ئاکامێک کە بەدوای خۆیدا هێنای راستیەکی گرنگ و پڕ بەها نیشان دەدات. هاوڵاتیانی فەرەنسا بە دەنگ نەدانیان بە راستی پەرگیرو ئاشکراو بێپەردە، نایەکی گەورەیان وت، بەراسیزم و کەشی زاڵی راستی لە دنیایی ئەم سەردەمەدا. بێداربوونەوەیەکی ئاشکرای کۆمەڵگای فەرەنسایان، بە دنیای ئەم سەردەمە راگەیاندا. ئەمەش ئاکامی ئەوەیە کە زوربەی زۆری خەڵکی فەرەنسا، نەک نەبوونەتە قوربانی کەشی راسیزمی دنیا کە ترامپ و تیز مەی و... لەخۆی هێنایە دەرەوە، بەڵکو کاردانەوەیەکی ئاشکرایان بەروویدا نیشاندا. دیارە هێشتا ناکرێت مەترسی راست و مەترسی زاڵبوونی زیاتری راسیزم، نادیدەبگیرێت، بەڵام ناشکرێت ئەم دەنگی نایەی هاوڵاتیانی فەرەنسا بە دژی راسیزم و کەشی راسیستیدا، نادیدە و کەم بایەخ بخوێندرێتەوە. ئیمانوێل ماکرۆن بۆیە دەنگی هێنا، چونکە راسیزمی فەرمی و بانگەشەی فەرمی راسیستی وەڵامی نای وەرگرتەوە. بانگەشەکانی ئیمانوێل، بۆ بەیەکسان چاو تەماشاکردنی هاوڵاتیان. پاشەکەوتی ٦٠ ملیارد یۆرۆیی و گێرانەوەی بۆ خەزێنەی دەوڵەت. هێشتنەوەی فەرەنسا لە ناو یەکێتی ئەوروپا، بەڵین دان بە زامنکردنی هەلی کار بۆ ئۆردوی بێکاران، پێداگرتنەوە لەسەر درێژەدان بەجەنگی دژە تیرۆر... لەگەڵ ئەوەدا بێ کاریگەر نەبوون لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکە، بەڵام هێشتا هەموو ئەوانە لەچاو بێداربوونەوەی هاوڵاتیان فەرەنسا، بەرامبەر بە مەترسیەکانی راسیزم، زۆر لەخوارترن. لەدوای کارەساتی ١١ سێبتەمبەری ٢٠١١ وە، فەرەنسا لە ئەوروپادا گەورەترین قوربانی دەستی تیرۆریزمی ئیسلامییە. خوێن لەوکۆمەڵگەیە دەچۆرێت و ترس لە کردەوەی تیرۆریستی ساڵێک زیاترە باری نائاسایی داسەپاندووە. خەڵکی فەرەنسا لەم دەنگدانەدا، نەبوونەتە قوربانی بێ گوێ و بێ چاو لە ململانێی نێوان باڵەکانی بۆرژوازی فەرەنسیدا. نەبوونە خۆراکی رووتی کایەکی دیموکراسی بۆژوازی بەتەنها، بەڵکو بە رەتکرنەوەی راسیزمێکی هەوسار پچڕاو پەیامێکی تریان دا بە گوێچکەی کۆمەڵگای ئینسانی ئەم سەردەمەدا. پەیامی پێداگرتنەوە لەسەر بەها ئینسانیەکان، مافی هاوڵاتی بوون. ئەمەش لەدڵی هەلومەرجی ئێستادا، وەکو سەرکەوتنی بەرەی وێڵی ئینسان بەدوای ئازادی و مافی هاوڵاتی بوون و پێداگرتنەوە لەسەر مافە جیهانداگرەکانی ئینسان، کە بەرهەمی خەباتی خودی ئینسانە

بۆ لاپەرە 9